بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە




# کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە پێناو کوشتنی هیواکان...ل4

ساڵی پێنجەم ژمارە(102) بەرواری 15–7–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## وتەی ژمارە

## گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕێگاچارەی کارساز...

لە بەشەکانی پێشوی ئەم زنجیرە وتارەدا، بەشیوەی گشتی و کورت باسمان لە چۆنیەتی دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی لەم قەوارەیەدا، ڕۆڵی ئەمریکا و غەرب و وڵاتانی ناوچەکە، پێگەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیە بۆرژوازییەکانی عێراق، ناجیگری دۆخی سیاسی هەرێم، مەترسیەکانی سەر هەرێمی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییە پیشبینیکراوانەی لەسەر ئایندەی هەرێم هەیە...کرد. لەم بەشەدا باسی سەرەکیترین گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان و



ئایندە سیاسیەکەی و ڕێگاچارە گونجاو کارساز بۆ هەلومەرجی سیاسی هەرێم دەکەین.

کۆمەڵگەی کوردستان تائێستا دەرگیری دەیان کیشەو گرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و حقوقییە. و ئایندەی سیاسی کوردستانیش بەم جۆرەی ئێستا ناتوانێت بمێنێتەوە.

ئەم گرفتانەی لەکوردستان هەن، لە پایەترین ئاستی خۆیدا دەرهاویشتەی گرفتە بناغەیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن. ئەو گرفتە بناغەیانە لە پرسی نان و موچەوە بۆ خزمەتگوزارییەکان و سلکی خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و تا دەگاتە پرسی سیاسی کوردستان و ململانێی نەبڕاوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و دەستێوەردانی وڵاتانی دنیا و ناوچەکە لە دۆخی عیراق و کوردستاندا، تا دەگاتە قڵشتی زۆر بەرینی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و دەسەڵاتی مافیایی و میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی و نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان، کۆمەڵە گرفتێکی لێک هەڵپێکراون...

هەموو گرفتانەش، ریشەیان لەچەند گرفتێکی زۆر دیاریکراودایە. لەوانەش یەکەم: هەوڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە دەوڵەتی قەومی عێراقەوە لەسەروی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا. دووەم: دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و شەقکردنی هەرێم بۆ دوو زۆنی جیاوازو سەپاندنی دەسەڵاتی حزبی لەهەرکام لە زۆنەکاندا لەرێگای دەستبەسەراگرتنی داهات و زۆری چەکەوە.

ئەم دوو گرفتە سەرەکی ترین گرفت و سەرچاوەی گرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و حقوقیەکانی تری خەڵکی کوردستان و سەرچاوەی شلۆقی قەوارەی هەرێم و ئەو مەترسییە سیاسیە بەردەوامانەیە لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێم.

هەوڵ بۆ لکاندنەوەی کوردستانی بەکردەوە دابراو لە عێراق و هەوڵدان بۆ بەفەرمی گێرانەوەی هەرێم بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوە ناسیونال/عەرەبی ئیسلامی لە عیراقدا، لە ژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا کە هیچ کام لە بزوتنەوە سیاسییەکانی بۆرژوازی بۆ لاپەڕە 2

## کرێکاران تەنها بەڕاوەستاوی و یەکگرتوویی ڕیزەکانیان دەتوانن خواستەکانیان بەدی بهێنن!



**پەیامی پشتیوانی بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار بۆ کرێکارانی مانگرتووی چیمەنتۆی تاسڵوجە**

بەدوای ساڵانێکی زۆر لەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی کرێکارانی چیمەنتۆی تاسڵوجە، بۆ گێڕانەوەی قازانجی ساڵانەو دەستەبەرکردنی مەرجەکانی سەلامەتی شوێنی کارو پێدانی شایستە داراییەکانیان، دوای بەرزکردنەوەی چەندین یاداشت و کۆبوونەوەی نوێنەرانی کرێکارانی کارگەکە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، سەرەنجام دەستیاندایە مانگرتن و... بۆ لاپەڕە 3

## مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازی نەوت لە ئێران درێژەی هەیە و پەیوەست بوون و پشتیوانیەکانیش تادێت زۆرتر دەبن...



نزیک بە مانگێکە، چەندین بەش لە کریکارانی پەیمانی نەوتی ئیران، دەستان داوەتە مانگرتنێکی کرێکاریی سەراسەری و کە کریکارانی زیاتر لە ١٠٠ کارگە و کارخانە ناوەندی کریکاری گرتۆتەوە، زیاتر لە بیست ئوستان کە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کریکار لەخۆ دەگرێت، لەم مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەدا بەشدارن و تادێتیش، ناوەند و کارگەو کارخانەی تر بەو مانگرتنەوە پەیوەست دەبن و هاوکاتیش پشتیوانی لەم مانگرتنە رۆژ بەرۆژ روو لە فراوان بوون و... بۆ لاپەڕە 3

## یەکگرتوویی و ڕێکخستن، وانەی هەفت تەپە بۆ کرێکاران...ل5

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* دوو وەرز بۆ ریسوایی دەسەلات و گاڵتەجاری خێرخوازی نەوەی نوێ...........ل4
*فشارەکانی خەڵك پێویستە بکرێتە هەوێنی ڕاپەڕین نەك دامرکاندنەوەی .....ل5
* لەشەقامەوە گۆڕانکاری دەکرێت نەك لە پەرلەمان.................................ل6



دڵشاد محەمەد

لە پەیوەند بە قەوارەی هەرێم و ئایندەی سیاس کوردستان، لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا، هەریەك لە بەڕێزان بەختیار محەمەد و دڵشاد محمەد مارف لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەدەنەوە...ل 9-10



بەختیار محەمەد

پرسی ژن

ل 7
گۆشەی ئەدەب و هونەر
ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

عێراق بڕوایان بە فیدرلیزمی پوچی قەومیش نییەو هاوکات دوورو نزیک بڕوایان بە مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان و چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان نییە، بۆتە سەرچاوەی ململانێیەکی بەردەوام و نەپساوەی نیوان هەرێم و بەغداو دەسەڵاتی هەردوو بەشەکەش. کێشمەکێشی بەردەوام لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، یان دروستر بڵێێن ململانێی نیوان بزوتنەوە بۆرژوازییەکانی عیراق و کوردستان لەگەڵ یەکتری، کە هەرکام لە بزوتنەوانەش لەناوخۆیاندا دەرگیری ململانێن لەگەڵ یەکتری، هەلومەرجێکی خولڵقاندوە کە ئەزمەی نێوان ئەو بزوتنەوانەی لەگەڵ یەکتری کردووە بە تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان. قوربانیانی ململانیی بەردەوامی ئەم بزوتنەوە بۆرژوازیانەش جەماوەری چینی کریکار و بێبەشی عیراق و کوردستانن. هەروەها چ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی عەرەب بە قەومی ئیسلامیەکەیان و چ بزوتنەوە کۆمەلایەتیە بۆرژوازییەکانی کورد، خاوەنی هیچ سەربەخۆیەکی سیاسی و بریار نین و لە ژیر کاریگەری و لەوەش زیاتر بە قورمیشی وڵاتانی زلهیزو بەتایبەتی تریش نۆکەر پیشەی وڵاتانی ناوچەکەن، ئەمەش دەروازەی بەرووی دەستێوردان و ئامادەیی ئەوان کردۆتەوە و بەکردەوە حزب و لایەنە سیاسییە بۆرژوازییەکانی کردۆتە وەسیلەی جەنگ و ململانێی نیابەتی و بەوەکالەت. ئەم دۆخە ئیرادەی سیاسی خەڵکی بیبەشی عێراق و کوردستانی لاوازو تیکشکاندووە.

قۆرغکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە لە رێگای خۆبەستنەوە بە سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، و دەستبەسەراگرتنی داهاتی هەرێم و کەڵک وەرگرتن لە هێزی چەکداریان و هاوکات شەقکردنی هەرێم بۆ ناوچەی دەسەلات و زۆنی جیاواز... کۆمەڵگەی کوردستانی رووبەرووی دۆخێکی سەخت کردۆتەوە. ئەم دوو دەسەڵاتە لەجیگای فەرمانڕەوایەکی پێناسەکراو باوی بۆرژوازی دنیا، دەسەڵاتێکی حزبی بان دامەزراوەییان، زاڵ کردووە، کەڕیگەی لە هەموو دامەرزاوەیەکی فەرمی و شێوە حکومی و سەراسەری گرتووە و دەسەڵاتی حزبی بردۆتە ناو کون و قوژبنی کۆمەڵگەوە. لەهەموو جێگاو شوێنێکی کوردستان، حزب و سەرانی حزب، دەزگاو هێزی چەکداری و ئاسایش و پۆلیسی حزب، مامەڵەی حزبی لەسەر بنەمای حزبی، دەستراگەیشتینی هاوڵاتیان بەکار و کار پەیداکردن بە پسولەی حزبە، بەکورتی حزب هەمەکارەیە و ئاسەواریک لە حکومەت و دەسەڵاتێکی حکومی نابینریێت. ئەو حکومەتەش کە قوتکراوەتەوە لەگەڵ پەرلەمان، تەنها دوو دیکۆر و چوارچێوەن بۆ بەفەرمی ناسینی دەسەڵاتی حزبی و هەردووکیشیان چ حکومەت و چ پەرلەمان و تەنانەت یاساو دەسەڵاتی دادوەریش، فۆرم و ئەلگۆی بێکارەی دەستی حزبن، بۆ شێواندنی رای گشتی و دنیای دەرەوە. ئەم واقعیەتە، ئەلگۆ و شێوازی رووبەروونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدا گۆریوە بۆ فۆرمێکی تایبەت... حکومەتێک نییە بۆ روخاندن، حزب هەیە بۆ دەستکۆتاکردن. ناوەندێکی دەسەڵات لە جێگایەک نییە، حزب لەهەموو جێگایەکە... رامالینی دەسەلات لەهەر جێگاو شوێنیک بە بیَ جیگرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی دژە حزبی و جێخستنی فۆرمی دەسەڵاتی جەماوەری، بەشوێنێک ناگات. لێرە حزب توشی ئەزمە دەبێت، بەڵام ئەزمەی حکومەتی دەربرینێکی سەرچاوە گرتوو لە نەناسینی فۆمی دەسەڵاتە لە کوردستاندا.

خەبات و تیکۆشان بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە، تا دەگات بەهەر باشبونێک لەبژیوی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و دەستڕاگەیشتن بە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و خزمەتگوزارییەکان، راستەخۆ لەگرەوی هەڵگێرانەوەی هەلومەرجی ئیستای سیاسی کوردستان و کۆتاییهینان بەجۆری پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدادایە کە لەژێر ناوی فیدرلیزەکردنی عیراقدا، چوارچێوەی ناسنامەی هاوڵاتی بوونی بردۆتە ژیر پرسیارو لە جێگایدا ناسنامە قەومی و مەزهەبیە و تایفیەکانی، جێگیر کردووە، هاوکاتیش شانی خۆی لەچارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان خاڵی کردۆتەوە. فیدراڵیزمی قەومی، بەجیالەوەی هۆکارو سەرچاوەی ڕاستەوخۆی گرفتاربونی کوردستانە بەجۆرەها کێشەو پێکهاتنی لەمپەری گەورە لەبەردەم ڕەوتی بەرەو پێشچونی کۆمەڵگە، لەهەمانکاتدا کۆڵەکەیەکی راگرتن وبەردەوامیدانە بەدەسەڵاتی میلیشایی و ناوچەیی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد. ئاکامە کارەساتبارەکانی ئەمانەش بەسەر جەماوەری کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستاندا شکاوەتەوە. بۆیە تێکۆشانی بەنەخشە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لەعیراق و پێکهینانی دەوڵەتێکی سکیولاری غەیرە ئەتنیکی و پشت بەستو بەئیرادەی راستەوخۆی خەڵک و بە پشت بەستن بە ئاکامی ریفراندۆم کە چەند ساڵ پیشتر لە کوردستان ئەنجامدرا، یان لەرێگای سازدانی ریفراندۆمێکی ئازادانەی ترەوە. ڕیگایەکی کارسازو گونجاوەو دەتوانێت دەروازەی ئایندەیەکی باش بخاتە بەردەم ئایندەی سیاسی کوردستانەوە، دیارە ئەمە پیوستی بەوەیە چەپ و کۆمۆنیزم ببتە خاوەنی چارەسەری ئەم پرسەو ریکخستنی جەماوەری ستەم دیدەی کوردستان، بگرێتە عودەی خۆی و ڕیگا نەدات چیتر ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ ئامانجی خۆیان، جەماوەری کوردستان لەژێر ناوی چارەسەری پرسی کوردا، بکەنە زەخیرەی هێزی خۆیان و ئامانجە ناکۆکەکانیان، بە ئامانجەکانی جەماوەری ستەم لێچووی کوردستان.

بەجیا لەکەیسی ئایندەی سیاسی کوردستان و دەرهینانی ئەم پرسە لەدەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، و خستنە رووی بەدیلی چەپ و کۆمۆنیستی و کاری بەنەخشەو پراکتیکی، لەم راستایەدا، هاوکات رامالینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە بۆتە خواستی بەرینی جەماوەری کوردستان، پرسێکی یەکجار گرنگە... بەڵام پرسی رامالینی کوردستان، تەنها دروشمێک نییە، بەڵکو دەبیَ لەگەڵ پرسە سەرەکی و گشتیەکانی کۆمەڵگە لێکهەڵپێکرێت. رامالینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەبیَ ریکخستنی جەماوەری کوردستان لە دەوری سەرەکیترین و گشتیترین گرفتە بناغەیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەشوینیک ناگات.. بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد، دەتوانێت لەرێگای چەندین فۆم و ئەلگۆوە، هاوکات لە رێگای هیزگەلی تر کە لە منداڵدانی ئەم بزوتنەوەیەدا هەمیشە ئامادەیی هەیە، ئیحتیوای بزوتنەوەو خواستی رامالینی دەسەڵات بکات. هەروەها پرسی رامالینی دەسەڵات، بە جیا لە جەماوەری ئازادیخواز و نارازی کوردستان کە هیچ چاوەڕوانیەکیان لە دەسەڵاتی ئێستا نەماوە، هیز گەلی سیاسی بۆرژوازی تر چ بۆ خۆ جوتکردن لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری کوردستان و چ بۆئەوەی خۆیان ببنە جێگرەوەی دەسەڵاتی رامالڕاو ئامادەییان هەیە. ئەوە بەجیا لەوەی رامالینی دەسەڵات، بۆ بزوتنەوەی کۆمەلایەتیە بۆرژوازییەکانی نەیاری دەسەڵات، لەگەڵ بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی تەواو جیاوازیان هەیە. بۆرژوازی نارازی دەیەوێت ئەو دەسەڵاتە ڕابماڵرێت، بەڵام لە ڕوانگەی بۆرژوازیەوە رامالینی دەسەڵات، بەپلەی یەکەم یانی سازدانی جەماوەر بۆ دەنگ نەدان بە حزبەکان و هینانەخوارەوەی دەسەڵات لەریگای هەڵبژاردنەکانەوە، کە ئەمە بەجیا لەوەی لر هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا وەهمە، هاوکاتیش لە بنەرەتدا هەنگاویکە، بەدژی رامالینی دەسەڵات لەخوارەوە لەریگای بزوتنەوەی جەماوەری ریکخراوی شەقام و شوێنی کارەوە، بەواتایەکی تر هەوڵێکە بۆ بەرگرتن بە رامالینی دەسەڵات.. ئامانجی بزوتنەوە بۆرژوازیەکان بۆ رامالینی دەسەڵاتی ئیستا چ لەرێگای وەهمی هەڵبژاردنەکانەوە بێت یان لەڕیگای خۆ هەڵواسین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام بۆ رامالینی دەسەڵاتی ئیستا بێت، دەیانەوێت ستراکتۆر و فۆرمی بۆرژوازیانەی دەسەڵات لە وەکو خۆی بمێنێتەوەو فۆرمی دیموکراسی بۆرژوازیی و سیستەمی پەرلەمانتاریزم بپارێزێت و نۆژەنی بکاتەوە. بۆیە کەیسی سازدانی جەماوەر بۆ رەوتە بۆرژوازییەکان لە گشتیەتی خۆیدا لە چوارچیوەی بەدامەزاوەیی کردنی دەسەڵات، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، سەربەخۆیی دادگا و داوەری... واوەتر نارِوات.

لە کاتێکدا بۆ چینی کرێکار و چەپ و کۆمۆنیزم و پرسی رامالین گرێی خواردووە، بە پرسی "نان" یانی زامنکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان لە ریگای موچەی گونجاو بۆ کریکاران و کارمەندان و بیمەی بێکاری شیاو بۆ کەسانی ئامادە بەکار و زامن بوونی خزمەتگوازرییەکان و بیمە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان و،،،تاد، هاوکات گرێی خواردووە بە پرسی "ئازادی" یەوە، لە ئازادی بیروا و بەیان و دەربرین و چاپەمەنییەوە بۆ ئازادی هەڵسوارِانی سیاسی و ئازادی ریکخراوبوون و پێکهینانی ریکخراو و نەقابەو سەندیکا و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان و... تاد. واتە رامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بۆ چەپ و کۆمۆنیزم، پەیوەستە بە هەردوو گرفتی بناغەیی لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا، کە مەسەلەی" نان و ئازادی"یە و پرسی گشتی جەماوەری کوردستانیشە، نەک هی توێژ و بەشێک و بزوتنەوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی. گرێخواردنی پرسی رامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بە سازدانی جەماوەر لە پێناو زامن بوونی ژیان و گوزەران و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان، راستەوخۆ جۆری دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیش دەگۆریێت و ڕیگای بەشداری هاوڵاتیان لە بنیاتنانی دەسەڵاتی پشتبەستوی ئازادانەو راستەوخۆی لەخوارەوەی جەماوەری دەهێنێتە گۆڕێ و رۆڵی پاسیف و پانیکی جەماوەری دەگۆڕێت بە رۆلی چالاک و ئومید بەخش و گێرانەوەی ئیرادە نواندنی سیاسی بۆخودی جەماوەر. هەر ئەم هێزە ساز و رێکخراو و خاوەن ئیرادەیەشە دەتوانیَ ریّگە لە دوبارە گەرانەوەی هیزی رامالڕاو بگرێت و توانای بەرگری لەخۆ کردنیشی لەبەرامبەر بە دەستێوەردانی دەرەکی هەبێت. بەجیا لەوانەش ڕامالینی دەسەڵات بەشێوی ریکخراو و بەنەخشە، بەجیا لەوەی زامنی دەسەڵاتداریّتیەکی جەماوەری لەخوارەوە دەکات، توانای چارەسەری ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستانیشی لەگەڵ عیراق دەبێت و چوارچێوەیەکی تازەش دەبەخشیت بە مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوە، وسازدانی پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا.

ئامادەیی کۆمۆنیزم لەم نەبەردەدا و وەڵام دانەوەی بەپرسی ئایندەی سیاسی کوردستان، بە دۆخی نەخوازوی ناوخۆی کوردستان و ژیان و گوزەران و ئازادییە و مافەکانیان، شارِێی وەڵامدانەوەیە بەگرفتی بناغەیی و سەرەکیەکانی کۆمەڵگە و لەهەمانکاتیشدا دەرگا ئاوەڵادەکات و ئامادەیی و پێداویستیەکانی رەوتی بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆڕشی سۆسیالیستی، فەراهەم دەکات. کۆمۆنیزم بەبیَ وەلانانی کۆسپەکانی بەردەمی، و بەبیَ ئەوەی ببێتە نوینەری گرفتە سەرەکی و بناغەیەکانی کۆمەڵگەو سازدانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لەدەوری و بەبیَ ریکخرابوونی چینی کریکار و بەبیَ هوشیاری سۆشیالیستی و بەبیَ پشیوانی بزوتنەوە کریکاریی و پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەو دنیا، ناتوانێت بە مەنزڵی خۆی بگات.

کۆمۆنیزمی ریکخراو و دەخالەتگەر و کۆمەڵایەتی، پیویستە بۆئەم نەبەردە ئامادەبێت... ئەمەشە زامنی بەرگرتن بە چارەنووسی نەخوازاو لەبەردەم ئایندەی سیاسی کوردستاندا...

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢١**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناریکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

## درێژەی....مانگرتنی کریکارانی پیشەسازی نەوت لە ئیران دریژەی هەیە و پەیوەست بوون وپشتیوانیەکانیش تادێت زۆرتر دەبن...

بەرینبوونەوەدایە.

خواستەکانی کریکارانی مانگرتوو بریتن: زیادکردنی کرێ، دانی کرێ و حەقدەستەکان لەوادەی خۆیدا، باشترکردنی شوێنی کار و هەلومەرجی کار، کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن، ئاسایشی شوێنی ژیان، مافی ڕیکخراو بوون، بردنەسەرەوەی ئاستی حەقدەست، هێنانەخوارەوەی سەعاتی کار، ئیمەنی شوێنی کار، ئاسایشی شوێنی ژیان، ئەمنییەتی پیشەیی، مافی پێکهێنانی ڕێکخراو، پێدانی سەری وەختی حەقدەستەکان و هیتر

ئەم داخوازیانە، داخوازی بەشی هەرەزۆری چینی کریکاریی ئیرانە، بۆیە بەجیا لەرەوایی ئەم داوکاریانە، چینی کریکاری ئیران خۆیان بەهاوبەش و بەشیکی سەرەکی لە کریکارانی مانگرتوو دەزانن، هەر بۆیە رۆژ بەرۆژ کریکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی تر لە شەریکەی نەوت و پترۆ کیمیایی و گاز، هەم بە مانگرتنەکەوە پەیوەست دەبن و هەم پشتیوانی لە داخوازیەکانی کرێکارانی مانگرتوو دەکەن... جیا لەوەش جەماوەری غەیرە کریکاریش وەکو کاسبکاران و خویندکاران و مامۆستایان، پشتیوانی لەو بزوتنەوە کریکارییە دەکەن کە هەر ئیستا دەرگیرە لەگەڵ خاوەن کارو دەوڵەتی پشتیان... کرێکارانی چەندین شیرکەت و پاڵاوگەی دیکە بە مانگرتنی گشتی کرێکارانی سەنعەتی نەوتەوە پەیوەست بوون. لەم چەند رۆژەدا: " کرێکارانی پەیمانکاری ئیرەج فەرامەرزی"، "کرێکارانی شیرکەتی پیسا لە ئیران شار"، "کرێکارانی شیرکەتی دەریا ساحلی خەتی قیشم"، کرێکارانی شیرکەتی بێهدادی کانەکانی پاسارگاد" و "کرێکارانی ئۆ.دی.سی.سی. پاڵاوگەی ئابادان... پەیوەست بوون بە مانگرتنە کرێکاریەکەوە، هاوکات کۆمەڵێک لە خوێندکارانی سەرتاسەری ئێرانیش لە ڕیگای بەیاننامەیەکەوە پستیوانی خۆیان بۆ مانگرتنی کریکاران دەربڕیووە و لە بەشیکی راگەیاندنەکەیاندا هاتووە" "ئیمە خوێندکاران داخوازییەکانی وەک کۆنترۆڵی پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری بەتایبەتی کردن و پەیمانکاری، مافی هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆ، زیاد کردنی حەقدەستەکان بەپێی واقعییەتی ژیان، دانی کرێ و هەقدەستەکان لەکاتی خۆیدابە کرێکاران، باشتر کردنی باروودۆخی کار، مەحکووم کردنی دەرکردنی کرێکاران و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کار، مەحکووم کردنی هەڵسووکەوتی قەزایی لەگەڵ کرێکارانی ناڕازی بە نابەرابەری، پێکهێنانی ئەمنییەتی پیشەیی و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و زاڵمانە،




بەهرمەند بوون لە مافی گشتیی نیشتەجی بوون، ئیمکاناتی فیرکردن، پێداویستی دەرمانی و ڕیفاهی، بە بەرحەق و وەدیهێنانیان بە پێداویستیەکی خێرا و حاشاهەڵنەگر دەزانین."

لەگەڵ ئەوەدا تا دێت مانگرتنەکانی کریکاران بەرینتر دەبنەوە پشتیوان لیکردنیان فراوانتر دەبێت، هاوکات خاوەن کار و بەرپرسانی دەوڵەت، بەشیوەی ریکخراو بە بەرنامە هەوڵ دەدەن کۆتایی بە مانگرتنەکان بهینن، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی شەقکردنی ریزەکانی کرێکاران و ناکۆکی خستنە نیوان بەشەکان، هاوکات چاوسورکردنەوە و خستنە گەری رێکخراوە زەردە قورمیشکراوەکانیان، دەست پێکردووە، بەلام تا ئیستا نەیانتوانیووە ریزی کریکاران شەق بکەن و لەوەش زیاتر توانای بەرگری لە پەیوەست بوونی بەشەکانی تری کریکاران و راگرتنی پشتیوانیەکانیان نییە، کە بەردەوام هەڵدەکشێن. جێگای باسە کە کە" کۆمیتەی بەرگری لە کریکارانی مانگرتوو" پیکهاتووە...

ئەم شەپۆلە نوێیە لە هاتنە مەیدانی کریکارانی یەکێک لە هەستیارترین بەشەکانی کرێکاران، جیگای ئومیدێکی گەورەیەو پیویستی بە پشتیوانی بەشەکانی تری چینی کریکار لە ئیران و تەواوی چینی کریکاریی ناوچەکەو پشتیوانی ڕیکخرا و سەندیکا و نەقابە کریکارییەکانی دنیایە... ئەم مانگرتنە شکۆدارە بزوتنەوەی کریکاریی لە ئیراندا دەباتە پیشەوەو ئاستی هوشیاری و یەکگرتوویان زۆرتر دەکات و دەرس و ئەزمونەکانیشی دەخاتە سەر خەرمانەی دەرس و ئەزمونەکانی چینی کریکار لە ئیران و ناوچەکەدا...

## درێژەی... کرێکاران تەنها بەڕاوەستاوی و یەکگرتوویی ڕیزەکانیان دەتوانن خواستەکانیان بەدی بهێنن!

لەنێوکارگەدا کۆبوونەوەو ڕێگایان گرت لە بارکردن و بردنە دەرەوەی چیمەتۆی بەرهەمهێنراوی کارگەکەو داوایان کرد کەوەلام بەو خواستانەیان بدرێتەوە کە ساڵانێکە خستویانەتە بەردەم بەڕێوەبەری کارگەو لایەنی پەیوەندیدار لەوەزارەتی کاری حکومەتی هەرێم .

ئەم مانگرتنەی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە، لەگەڵ ئەوەدا کردەیەکی ڕەواو بەرهەقە، بەلام لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستان و لەدۆخێکدا کە هەژاری و بێکارییەکی فراوان یەخەی بەچینی کرێکار گرتوەو سەرمایەداران وخاوەن کۆمپانیاکان بەگرێبەستی کاتی و بەدواخستن و لێبڕینی کرێ وبەسەپاندنی هەلومەرجێکی سەختی کار بەسەر بەشە جیاجیاکانی کرێکاراندا، حەرەکەتێکی پێشڕەوانەو ڕوولەپێشی کرێکارییە و دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ فێربون و بزواندنی بەشەکانی کرێکاران بەرامبەر بەو سزاو زوڵمانەی کەخاوەنکارو کۆمپانیاکان لەکرێکارانی دەکەن. هەربۆیە ئێمە و سەرجەم بەشەکانی تری کرێکاران لەکوردستان، نەکە هەردەبێ پشتوانی گەرمی ئەم هەنگاوەو ئەم مانگرتنەی کرێکارانی چیمەنتۆی تاسڵوجە بکەین و لەکەناریاندا ڕاوەستین، بەڵکو دەبێ لێوەی فێربین و هەنگاو و دەرسەکانی لەناوەندەکانی تری کاردا بەدەستەوە بگرین، ودوپاتی بکەینەوە .

بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار هەروەک ئەوەی لەماوەی دووساڵی ڕابردووی



دەستبەکاربوونی خۆیدا لەنزیکەوە ئاگاداری هەوڵەکانی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەو نوێنەرەکانیان بووە بۆ گێرانەوەی شایستە دارایەکانیان لەکەناریاندا ڕاوەستاوە، لەم پەیامەیدا پشتیوانی گەرمی خۆی بۆ ئەم مانگرتنەو وخواستی کرێکاران ڕادەگەیەنێ و بەتەواوی تواناوە هەوڵدەدات کەدەنگی کرێکارانی مانگرتوو بەگوێی کۆمەڵگەو ناوەندە جیهانی و ناوخۆیەکاندا بگەیەنی و پشتیوانی فراوانی کرێکاران ولایەنگرانی بزوتنەوەی کرێکاری بۆ ڕابکێشێت. بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار تەئکید دەکاتەوە، کە ئەزمونی کرێکارانی چیمەنتۆی تاسڵوجەو نوێنەرانیان، ئەوەمان پێدەڵێت کە نەحکومەت و نەخاوەن کۆمپانیاو نەبەڕیوەبەرانی کارگە، لەخەمی ماف و داوای کرێکاراندا نین و نابێ کرێکاران هیچ چاوەڕوانیەکیان لێیان هەبێت، بەپێچەوانەوە ئەوە تەنها کرێکاران خۆیانن کە بەراوەستاویی وسوربونیان لەسەر خواستەکانیان و بەخەباتی یەکگرتوانەیان دەتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن .

سەرکەوێت مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە!

پایەداربێت هاوپشتی کرێکاریی!

بلاوکراوەی دەنگی کرێکار

**دۆسیەی گیراوەکانی بادینان ریسوایی دادگا و دادگای پێداچوونەوەی خستە ڕوو... لە ئێستادا ئەم دۆسیەیە بووە بە کەیسیکی تر بۆ ململانێی نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەرەی ئازادیخوازی کوردستان... هەروەها بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی دادگا و دادگای لێپێچینەوە، کەئامرازی دەستی حزبن بۆ پاراستنی دەسەڵات و ترساندنی دەنگە ئازاد و ئازاو ئازادیخوازەکان...**

# کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە پێناو کوشتنی هیواکان...

## عەبدوڵا مەحمود

٢١ ساڵ بەر لەئێستا، دەستی تا ئەنیشک خوێناوی هیزە چەکدارەکانی یەکێتی بەبریاری قارەمانانەی ئینسان کوژی سەرکردایەتییە نۆکەر پیشەکەیان، دەستەیەک لە ئینسانی خەباتکاری کۆمۆنیستیان بەرۆژی روناک و لەناو جەرگەی شاردا، خەڵتانی خوێن کرد و شێر!! ئاساش، دیلی ناو ئەو بۆسە ترسنۆکانەیان گولله باران کرد. یەکێک لە بریندارەکانیان لە خەستەخانە بە پۆستاڵی بزوتنەوەی کوردایەتی گیان کیشا... دواتریش وەکو پیشەی بەعسیەکان، ڕیگەی پرسە بۆدانانیان لە کەس و کاریان یاساغ کرد و هەر خۆشیان بە بریاری "باوکی هەژاران" و ئاڵاهەڵگرانی سۆشیال دیموکراسی!! بەکۆمەڵ ژێرخاک خران و ئەزموونی ژێرخاک خستنی بەکۆمەڵی دەستی بەعسیان، گواستەوە ناو گۆڕستانی شار.

ئەم هێرشە دڕندانە لە پێشدا نەخشە بۆ کێشراوە، بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، بەمەبەستی کوشتنی هیواکان بوو، بەمەبەستی ئەوە بوو نوێنەرانی کریکاران و بێبەشان، ئاڵاهەڵگرانی ئازادی و مافە ئینسانیەکانی ئینسان، هاواری یەکسانی ژن و پیاو، دەنگی ڕەسای دژە کۆنەپەرستی و نۆکەر پیشەیی، بۆ هەمیشە سەربڕن، وە بەکورتی بۆ کوشتنی هیواکان بوو.

بەڵام هیوا نامردێنرێ و ناتوانرێت قەسابی بکرێ. کرێکاران کە کۆمەڵگە بەهەوڵ و ماندوبوونی ئەوان دەچەرخێ تا کۆمەڵگەی چینایەتی بمێنێ، پێشرەوان و نوێنەرانی خواستەکانیان، کۆتاییان بۆ نییە. هاوارەکان بۆ ئازادی و دەنگە ئازادیخوازەکان خامۆش نەکران، و خامۆش ناکرێن، چونکە ئازادی بەرزترین ویستی ئینسانە، ئینسان دۆستی کە ریشەی لەزاتی ئینساندایەو تایبەتمەندیەتی، و لە ئینسان جیاناکرێتەوە. هاوار بۆ ئازادی تا ئازادی باڵادەستی ڕەها نەبێت، کپ ناکرێت... دەنگی ڕەسای یەکسانی ژن و پیاو، تا نابەرابەی و ستەم کێشی و بێمافی هەبێت، هەدا نادات..

٢١ یەک ساڵ پێش ئێستا و کاتێک ئەم دەستەیە وەکو ڕەمزی ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کریکاریی، وەکو هاواری دەنگی ڕەسای ڕزگاری چینی کریکار و بێبەشان، وەکو هاواری هەقخوازنە بۆ ئازادی و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان، وەکو سەدای یەکسانی ژن و پیاو و نەفرەت لە کۆنەپەرستی و عادەت پیشەیی، قەسابی کران... ئۆردوی بێبەشان داوکاریان هەبوو، کار، نان و ئاو و کارەبا و خزمەتگوارییان دەخواست، دژی دزی وتاڵانی و گەندەڵی بوون، خوازیاری چونە دەرەوەی بنکەو بارەگای چەکدار لەشار و شارۆچکەکان بوون و نەفرەتیان لە کرێگرتەیی بوو، ئێستا داخوازی و ویستی ئۆردوی بێبەشان، بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتە... سەرکوت و فریوکاری، کوشتار، هاوارەکانی بەرزتر کرد، بانگی ئازادی ڕەساتر و خواستی بەرابەری بەرینتر و هیوا بە ئایندە و دنیایەکی باشتر، فراوانتر...

**نەمرن ئەوانەی بۆ ئازادی تێکۆشان و جەنگان... گوڵی هیوان ئەوانەی ڕزگاری ئینسان هیوایان بوو...**

**بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازیتان...**

# دوو وەزری ریسوایی بۆ دەسەڵات و گاڵتەجاری خیرخوازی نەوەی نوێ!

هەردوو وەرزی هاوین و زستان، دوو وەرزن، کە بەجیا لەگەرمی و ساردیان... لە کوردستاندا بوونەتە بارۆمەتری پێوانەی درۆی دەسەڵات و هاوکات ریسواکردنیان.

هیچ لەوە شەرماوەتر تر نییە، کۆمەڵگەیەک لەسەر دەریای نەوت و سامانی سروشتی بێت، بەڵام هاوڵاتان تینوی ئاو و تامەزرۆی گەرمی بن... هیچ لەوە ئابڕو بەرانەتر نییە دەسەڵاتێک دەستی بەسەر نەوت و سامانی زۆرزەوەندی کۆمەڵگەدا گرتبێت، بەڵام هاوڵاتیان موحتاجی ئاو و کارەبا بن... لەوەش شەرماوەتر ئەوەیە بە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتەوە، نەتوانێ سەرەتاییترین پیداویستی ئینسان کە ئاو و کارەبایە، دابین بکەیت.

هەموو هاتنی هەموو هاوین و زستانێک کێشەی کارەبا زیاتر دەبێت، چونکە خواست لەم دوو وەرزەدا بۆ بەکارهێنانی کارەبا، زۆرتر دەبێت، هاوین دێت و خواست لەسەر ئاو زۆرتر دەبێت، چونکە ئاو زۆرتر بەکار دێت، کەچی دەسەڵات و شارەزایانی حکومەتی تاڵانچی کوردی لە بەشی کارەبا و ئاو، بە ٣٠ ساڵ لەم هاوکیشەیە زۆر سادەیە حاڵی نابن و هەموو ساڵێک ئەمە دوبارە دەبێتەوە... چ هاوین و چ زستان دەبنە مۆتەکە بۆ جەماوەری کریکار و بێبەشی کوردستان...

هەموو بەرپرسانی حزبی و دەسەڵات، و سلکی کارەبا و ئاو، هەمیشە بە شانازییەوە باسی چارەسەرکردنی پرسی ئاو و کارەبا رادەگەیەنن، بەڵام هەر کە هاوین یان زستان دێت، ریسەکەیان لێ دەبێتەوە بەخوری و درۆکانیان دەردەکەون.


دیارە بۆ ئەوەی بزانین چەندە کارەبا هەیە، نابێ گوێ بە قسەی بەرپرسانی کارەبا و دەسەڵات بدرێت، لە جێگای ئەوە دەبێ بپرسین چەند سەعات کارەبا لە مولیدەکان دەکڕن، تا ئاشکرابێت ئەم دەسەڵاتە چەند سەعات کارەبا دابین دەکات... دیارە زوربەی مولیدەکارەبایەکانیش هی بەپرسانی حزبیین.... لەم بێ موچەیی و گرانیەدا، هاوڵاتیان ناچارن بۆئەوەی سەعاتەکانی نەبوونی کارەبای سەرەکی قەرەبوو بکەنەوە دەبێ کارەبا لە مولیدەکان بکڕن، کە نرخی چەند ئەمپێرێک دەبێتە قورسایەکی زۆر لەسەر جەماوەری کریکار و کارمەند و بێبەشانی کوردستان... هاوکات کێشەی ئاویش کیشەیەکی ترە، کە هەمیشە هاوڵاتیان لەگەڵ بەرەو ڕوون و لە زوربەی گەرەکە هەژار نشینەکاندا خەڵک ناچارن خەفەریان بەدیار هاتنەوەی چەند سەعات ئاوەوە بگرن... زۆر جار ئەو ئاوەش نادرێت و هاوڵاتیان دەبێ بە تانکەر ئاو بکڕن...

تورەیی بەرامبەر بە نەبوونی ئاو و کارەبا میژوویەکەی بە ئەندازەی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی چەتەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە. بەم دوایانە نەوەی نوێ، وەکو کۆمپانیایەکی زەبەڵاحی هەڵتۆقیو لە گەندەڵستانی دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەشیکی کۆمپانیەکەی گۆڕی بە ڕەوتێکی سیاسی و ناویان لەخۆیان نا نەوەی نوێ... ئەم نەوەی نوێیە، لەهەر جیگایەک نارەزایەتیەک هەبێت، ئەگەر خۆیان دروستیان نەکردبێت، هەوڵ دەدەن ئیحتیوای بکەن و تورەیی نارەزایەتی جەماوەری خاو بکەنەوە... کاتێک کریکارانی ژینگە پاریز و پاککەرەوە ماندەگرن، ئەوان کرێکارانی خۆیان دەنیرن، تا مانگرتنی کریکاران بشکێنن و دەسەڵاتیش لە تورەیی رزگاری بێت... ئیستاش کە ماوەیەکە کیشەی بەنزین و ئاو زیاتر بووە و جەماوەر نارازییە، دیسان ئەم ڕەوتە سیاسیە، بەشیکی زۆر ناچیز لە ئاو لەداهاتی خەزینەی سەرۆکی جوڵانەوەکە، کە ئەویش داهاتی دزراوی خەلکی کوردستانە، بۆ چەند گەرەکێک دەبەن و بۆ شارێکی زیاتر لە ملیۆن کەسیش یەک پەمپی بەنزینیان داناوەو بە نرخی کەمیک کەمتر دەیفرۆشنەوە... چ شەرماوەرە ئەو یارییە شەرم هێنەرە!!

ئاخر نە کیشەی ئاو و نە کیشەی کارەبا و نە کیشەی سوتەمەنی، و نەدەیان کیشەی تر و خزمەتگوزاری تر، بە کاری خێرخوازانە و بە هاوکاری کردنی دەسەڵات بە شوێنێک ناگات، ڕێگای دابین بوونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوازارییەکان...تاد، کۆبونەوەی جەماوەری دەوێت، ڕێکخراوبوونی دەوێت، نارەزایەتی بەردەوامی دەوێت... ئەم ڕەوتە سیاسییە، دەیەوێت هەرچۆنیک بێت هیندەی لەتواناى دابێت، دەسەلات لە رقی جەماوەر بپاریزیت، تا بەڵکو لەو ڕێگایەوە هەم دەسەڵات موی بەرانبەریان نەرم بێت و هەمیش هاوڵاتیانیک رابکێشنە پای پەنجە مۆر کردن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆیان...

**ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکاری پێویستیی بە هیچ مۆڵەت وەرگرتنێك نییە لە دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتیەکان. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. مافی یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی دەستبردنیان بۆ مانگرتن و وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە میدیاکانەوە. قەدەغەکردنی نایاساییکردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بەبیانووی وەك "بەرژەوەندیە میللی و نیشتمانیەکان"، "هەلومەرجی نائاسایی"، "هەلومەرجی شەڕ" و شتی تر**

# یەکگرتوویی و ڕێکخستن وانەی حەفت تەپە بۆ کرێکاران!



## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

بارودۆخی ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ، زیاد بوونی مەودای چینایەتی، زۆر بوونی هێڵی هەژاری، نەبوونی ئەمنیەتی ماڵی و دارایی، هەروەها بارودۆخی سیاسی و نەبوونی هیچ ئەمنیەتێکی گیانی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە. خەڵک بە تایبەتی لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ دابینکردنی ژەمە نانێک ماونەتەوە و تێچووی ڕۆژانەیان بە ئەستەم بە دەست دێنن. زۆربەی خەڵک ژیانێکی مەمرە و مەژیان هەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەردەوام بەرپرسانی جینایەتکار و لایەنگرانی ئەو ڕژیمە سەروەت و سامانیان دەچێتە سەر و وەڵامی هەموو داخوازیەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە زیندان و ئەشکەنجە و گوللە دەدەنەوە و هەر تاکێکی ئازادیخواز لە بەرامبەر ئەو ناعەدالەتییە سیستماتیکە دەنگی هەڵبڕیبێ، دەنگی لە گەروودا کپ کراوە. ئاکامی ئەو مەودا چینایەتی و هەژارییە زیادبوونی دیاردە کۆمەلایەتیەکانی وەک مادەی سڕکەر، خەمۆکی بە تایبەت بۆ نەوەی نوێی، توندوتیژی، ژن کوشتن، هاوسەرگیری پێش لە تەمەنی یاسایی و دەیان دیاردەی نالەباری ترە کە هەموو کۆمەڵگەی تەنیوە و شیرازەی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە تووشی داڕمان بووە. ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی خۆکوژی و کوشتن و قەتڵی ناموسی ڕوو لە زیاد بوونە تەنانەت تەمەنی گیرۆدە بووان بە مادەی سڕکەر و خۆکوژی هاتووە ژێر تەمەنی دە ساڵان کە ئەوە مەترسیدارترین کارەسات لە هەر وڵاتێکە. بە هۆی دزی وگەندەڵی بەرپرسان وناکارامەیی و ملهوریەکانی ڕژیم لە بەرامبەر دنیای دەرەوە نرخی شتومەک ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بونەو خەڵک توانای دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستی ژیانیان نەماوە.

سەرباری ئەو گشتە نەهامەتیە ڕژیم ماشێنی سەرکوت و کوشتاری خەڵکی وەگەڕ خستووە، ڕۆژ نییە کۆڵبەران کە بۆ ژەمە نانێک گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە نەکەونە بەر دەسڕێژی گوللە و گیان لە دەست نەدەن. لەوەها بارودۆخێکدا ڕژیم بە ڕووهەڵماڵراوەیی لە ڕادەبەدەر شانۆی هەڵبژاردنەکانی بەڕێوە برد و خەڵک "نا" یەکی توندیان بەو ڕژێمە و هەموو پاڵێوراوەکان وت. خەڵک لە هەموو شارەکانی ئێران شانۆی هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد و نەچونە سەر سندوقەکانی دەنگ دان. وەک پێش بینی دەکرا ڕەئیسی یەکە جەلادی ڕژیم وەک سەرکۆماری کۆماری سیدارە و جینایەت لەلایەن خامنەیی و لایەنگرانی هەڵبژێرداو ئێستاکە ئەو جەلادە کە دەستی بە خوێنی سەدان لاو و ژن و پیاوی ئەو وڵاتە سوورە و ڕۆڵێکی مەترسیدار و نەرێنی بووە لە کوشتاری خەڵک وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ڕژیم و ڕەوتی لایەنگرانی خومەینی جەلاد دەرکەوتووە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕژیم گیرۆدەی ترسێک بووە واتە لەلایەن دژە خۆکەی واتە ڕەوتی کرێکاری تەنگی پێ هەڵچندراوە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو ئێران شایەتی مانگرتن و خۆپێشاندان و یەکگرتوویی کرێکاران و نا وتنیان بە زوڵم و زۆر بووە. کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە هەموو هەوڵەکانی لە ڕێگای ساحب کارانەوە خستە گەڕ تا بەڵکوو بە خەیاڵی خاوی خۆی بتوانێ ئەو شەپۆلە لە بزوتنەوەی نارەزایەتییە لەبار بەرێ و کرێکاران بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان. ڕژیم هەر لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانی حەوت تەپە کە دەتوانین وەک پارامێتری بزوتنەوەی کرێکاری لە ناو دڵی دوژمنێکی دیکتاتۆر و دژە خەڵک ناوی لێ ببەین، دەستی لە هیچ پیلان و تاوانێک نەپاراست. ڕژیم زۆر زوو کەوتە خۆ و دەستیکرد بە ڕەشبگیری و دەرکردنی سیما ناسراوەکانی نارەزایەتیەکان. ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرانی ریکخستنەکەی خستە زیندان و حوکمی نارەوای بە سەردا سەپاندن. کۆماری ئیسلامی پێی وابوو بەو گرتن و ڕەشبگیریە دەتوانێ بزوتنەوەکە لەبار بەرێ و فەزایەکی ترس و تۆقاندن بخولقێنێ. ڕژیمی هار هەروەها دەستی کرد بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی مان گرتنەکە و دامەزراندنی کەسانی دیکە، بەلام بە هەموو ئەو پیلانانەش نەیتوانی کرێکاران و ئەو شەپۆلە نارەزایەتیە چاوترسین بکات و ئەو نارەزایەتی و مانگرتنە تا بە هەنوکەش هەربەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕێکخستنی پتەوتر و داخوازیی ڕادیکاڵ تر کرێکاران دێنە مەیدانەوە. ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ریک لە مانگی پوشپەڕ کرێکارانی پەیمانکاری شیرکەتی نەوت و پێترۆشیمی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە بەرەبەری پرۆپاگەندەی ڕژیم بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکان هاتنە مەیدان. ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو کە ڕەوت و بزوتنەوەی کرێکاری بێ ڕاڕایی نا دەڵێ بەو رژیمە و بە هیچ کام لە پڕوپاگەندەکانی فریو ناخوا و باوەری بەهێز و ئیرادەی خۆی و هاوچینەکانێتی. ئەو مانگرتنە بەرینە بەو ڕێکخستنە شکۆدارە درێژەی مانگرتنەکانی حەوت تەپە و دووپات بوونەوەی ئەزمونی ئەو نارەزایەتیە بەهێزانەیە. مانگرتنی کرێکارانی پەیمان کاری شیرکەتی نەوت و پێترۆشیمی لە بەرامبەر حەقدەستی کەم، نەبوونی مرەخەستی پێویست لە بەرامبەر کاری تاقەت پروکێن، بارودۆخی نالەباری کاری بەبێ هیچ جۆرە ستانداردێکی مرۆیی، هەروەها بارودۆخی نالەباری شوێنی مانەوەیان تا بە هەنووکەش هەربەردەوامە. ئێستاکە حەوت تەپەش جارێکی تر بەو مانگرتنانە پەیوەست بووە و گڕو تینێکی تازەی خستووە نارەزایەتیەکان. حەوت تەپە بە خۆڕاگری لە بەرامبەر ڕژیم توانیوێتی ببێتە ئۆلگویەک بۆ یەکگرتوویی و ڕێکخستنی کرێکاران، ئەزمونێک لە شەپۆلی بەرینی نارەزایەتی کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە و بە هیچ پیلانێک ناتوانێ لەباری بەرێ. کرێکاران وانەی بڕیاردانی شورایی و بەکۆمەڵیان لە حەوت تەپە وەرگرتووە و هەر ئەوەش بووە بەرەمزی یەکگرتووییان. نارەزایەتیی کرێکاران لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران پشتگیری لێ کراوە و خەڵک دلخۆشن و ئاسۆی خەباتی کرێکاری بە ڕوونی دەبینن. کرێکاران باش دەزانن تەنیا بە یەکگرتوویی هێزی خۆیان دەتوانن لە بەرامبەر مۆتەکەی سەرمایەداری ڕاوەستن. کرێکاران دەبێ تا ئەو جێگایەی بۆیان دەلوێ بە مانگرتنەکان پەیوەست بن، چوونکە سازماندهی و ڕێکخستن دەبێتە هۆی بەهێزبوونی زیاتریان لە بەرامبەر کاربەدەستان. کرێکاران بە یەکگرتوویی و ڕێکخستنیان دەتوانن خۆیان بڕیاردەری ژیانی خۆیان و هاوچینەکانیان بن...

# فشارەکانی خەڵك پێویستە بکرێتە هەوێنی ڕاپەڕین، نەك دامرکاندنەوەی..

## نووسینی: جەمال نوری

هەڵبەتە مەسەلەی هاوکاری و بەدەنگەوە چوون لەناو هەموو کۆمەڵگەیەک ڕێژەیی یەو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا زیاتر شوێنی خۆی گرتوەو دەبینرێ، بە جۆرێک لەجۆرەکان بۆتە کەلتور.

بەڵام لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا گەر بوونیشی هەبێت گرێیان داوەتەوە بە دینەوە، لە مرۆڤ بوون دادەماڵرێ و سۆز وعاتیفەو ڕەحمی نامێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە مەسەلەی بەدەنگەوە هاتن هیچ پەیوەست نییە بە دین وئیسلامگەراوە، بەڵکو ئەرکێکی مرۆڤدۆستانەیەو هیچی تر، هەندێک هێزی سیاسی لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی بەدەنگچونیان کردووە بە کوڵەکەکەی عەوڵا و لەسەری دەڕۆن لەکاتێکدا حزبی سیاسی هەر هەنگاوێکی ئیجابی بگرێتەبەر بەرامبەر هاوڵاتییەکانی ئەوا بۆ ئایندەی خۆی باشە، بەڵام ئەم کارانە نابێ ببێتە هۆی خۆبادانی حزب، بەڵکو حزبی سیاسی پێویستی بەوە هەیە گۆڕانکاری دروست بکات، واتە حزبی دەسەڵات کاتێک ناتوانێ خزمەتی هاوڵاتییەکانی بکات ئەوا حزبی ئۆپۆزیسیۆن پێویستە موعاناتی خەڵک وەک کارتێکی فشار بەکاربهێنێت دژی دەسەڵات، وە دەنگی نارەزایەتی خەڵک بقۆزێتەوەو ببێتە پێشەنگیان.

خۆپیشاندانی جەماوەری بەرپا بکات وجومگەکانی دەسەڵات دووچاری شەلەل بکات تا بە تەواوەتی جەستەی ئەو دەسەڵاتە لە پەل وپۆ دەکەوێت. ئۆپۆزیسیۆن بە ڕێگەی ختوکەدانی عاتیفەی خەڵکی دێت، ئەو نارەحەتی و فشارە پەنگ خواردووەی خەڵک کەم دەکاتەوەو دەچێت دەبێتە مامە خەمەیان و تەنکەرە ئاو و بەنزین دەگەیەنێتە شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێرو بەم هەنگاوە خزمەتێکی گەورە بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناو حکومەتی هەرێم دەکات، وەک ئەوەی نەخۆشەکە پێویستی بە نەشتەرگەریی بە پەلەبێ بەڵام شاسوار عبدولواحید دێت کەپسولی ئازار شکێن بدات بە خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی.

بەم کارەشی گوایە خزمەتی خەڵکی کردووە، لەکاتێکدا ئەم برادەرە لە بیری چۆتەوە کە نەوەی نوێ ڕێکخراوێکی خەیری نییە، بەڵکو خۆی وەک حزبی سیاسی و خاوەن ئەجێندای سیاسی ناساندوە لە هەرێمی کوردستاندا و بەشداری لەگەڵ هەر٣ هێزی سیاسی ناو حکومەت ناکات بەهۆی ئەوەی ئەوانە غەرقی گەندەڵی بوون.

دەپرسم کاتێک حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن ئیدیعای ئەوە بکات کە گوایە کار بۆ ئەوە دەکات بچێتە سەر کورسی دەسەڵات، دەبێت بەدوای ئەو کەلێنانەدا بگەڕێ کە بەهۆیەوە حکومەت خاڵی لاوازی دەردەکەوێ و باشتر دەکرێت حزبی ئۆپۆزیسیۆنیش لەسەر ئەوە بکات ئەو درز وکەلێنە گەورەتر بکات و شەبەقێکی گەورە بخاتە جەستەی حکومەتەکەوە یان ببێتە فریاد ڕەس وگیان بکاتەوە بەبەریدا.

شاسوار عەبدولواحید لەبەرئەوەی ئەزمونی سیاسی نییە هاتوە بە پارەو سەروەتی خەڵکی چانسی خۆی لەناو سیاسەتدا تاقی دەکاتەوە، هەڵبەتە هەرێمی کوردستان بەدرێژایی ٣٠ ساڵی پێشوو ئەزمونێکی جوانی تەندروستی لەبواری حوکمڕانیدا دروست نەکردوە، لەبەرئەوەی هەردوو حزبی حوکمڕانی کوردی بەناوی شەریعەتی شۆڕشگێڕییەوە هاتوون حوکمی خەڵک دەکەن ومۆڵەتی حزبەکانیشیان هەرخۆیان داویانە بە خۆیان، لەناو هەرێمی لەم چەشنەدا حزبی ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی ئەوەی دەنگی خەفەکراوی خەڵکی بکاتە نەعرەتەو تاج وتەختی حوکڕانی کوردی بهێنێتە خوارەوە، دێت هاوکاری و هەماهەنگی دەکات بەناوی ئەوەی خەڵکی گوناحەو حزبی دەسەڵات غەدریان لێ دەکات، ئاویان ناداتێ، کارەبایان لێ دەکوژێنێتەوە و جادەو بانیان قیرتاو ناکات، حزبی ئۆپۆزیسیۆن دێت لەجیاتی حکومەت ئەم کارانە دەکات تاوەکو خۆی شیرین بکات لای خەڵکی هەرێم.

بە پێچەوانەوە هەر مرۆڤێکی هۆشیارو هەر تاکێکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردستان ئەگەر نەختێک هۆشیاری سیاسی هەبێت ئیدی لەوە تێ دەگات کە ناتوانێت خەونەکانی بە بزوتنەوەیەکی سیاسی وەک نەوەی نوێ گرێ بدات.

چونکە دەزانێ ئەم بزوتنەوەیە هاتووە لە ڕێگەی ختوکەدانی عاتیفەی خەڵکەوە دەیەوێت ژمارەی کورسییەکانی زیاد بکات و دەسەڵات وەربگرێت، نەک گۆڕانکاریی ڕیشەی دروست بکات لەناو جومگەکانی دەسەڵاتدا، هەر بۆیە هێندە ناخایەتێ هەموو ئەو کارانە لە میدیاو ڕاگەیاندنەکانیەوە دەداتەوە بەچاوی ئەو خەڵکەدا کە هاوکار ودەستگیرۆیی کردووە. بۆیە ئەرکی حزبی سیاسی ڕەسەن پێویستە هەرچی فشارێک بۆسەر خەڵکی زەحمەتکێش هەیە ئاراستەیان بکات و بیقۆزێتەوە دژ بەدەسەڵات و حوکمڕانی کوردی بەکار بهێنێ و خۆی پێشەنگیان بێت بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری، نەک دامرکاننەوە کپکردنی دەنگە نارازییەکانی خەڵک...

# لەشەقامەوە گۆڕانکاری دەکرێت نەک لەپەرلەمان



نووسینی: عبدالرحمن ڕەسوڵ

کاتێک سیستەم و دەسەڵاتێکی دیموکراسی هەبێت لەخوارەوە بۆ سەرەوە، واتە لەهەر هەنگاوێکی ئیدارەدان وبەڕێوەبردندا گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک بکرێت و سەرنج وپێشنیار و ڕەخنەو تێبینی خەڵک ڕاستەوخۆ کاری لەسەربکرێت، ئەوا دەتواندرێت ئەو حکومەت وپەرلەمانە بتوانێت ئاراستەی کۆمەڵگەکەی بەرەو نوێ بوونەوە وباشتر وەربچەرخێنێت. ئەگەر بەو جۆرە نەبوو واتە کە خەڵک بەشدار نەبێت لەئیدارەدانی کۆمەڵگە ئەوا دیموکراسیش هیچ مانایەکی دروستی نابێت و سوود بەخشی بۆکۆمەڵگە نابێت. ئەوەی لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان وعێراق و ئێران وتورکیا وسووریا بەتایبەتی ڕوودەدات هیچ پەیوەندی بەجێبەجێکردنی یاساکانی نەک دیموکراسی خەڵک و بەشداری خەڵکەوە نییە، بەڵکو ڕێک دەتوانم بڵێم گەشەدانە بەپرۆسەی زاڵبوونی یاساکانی فاشیزم و بەهێزکردنی دەسەڵاتداریێتی دیکتاتۆریێتی لەناوچەکەدا. ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە زیاتر سامان و داهاتی گشتی کۆمەڵگە تەخشان و پەخشانی پێبکرێت بۆ کەمینەیەک لەدڵسۆزانی سستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخواز. بەهاوکاری نەخشە ڕێگای دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری و دەوڵەتانی کۆنەخوازی ناوچەکە دەچێتە پێشەوە. لەبەرئەوەی ئەوەی کاتێک ئازادی هەبێت بەجۆرێک کە خەڵک بەشداربێت لەئیدارەدان ئەوا چاودێر دەبێت و ڕێگر دەبێت لەئاست هەبوونی بێکاری و هەژاری و گەشەدانی برسێتی خەڵک. هەروەها خەڵک وشیار بێت بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکانی ڕێگر دەبێت لەئاست تەخشان وپەخشانکردن سامان و داهاتی گشتی کۆمەڵگە و ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتان بۆ مەبەستی لوشدانی پارەو داهات و بەرهەم و سامانی کۆمەڵگە. هەروەها خەڵک ڕێگر دەبێت لە هاتنی سوپای دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ کوردستان و وێرانکردنی ژینگەی جوانی کوردستان. هەربۆیە دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەر بەبەرنامە کار دەکات بۆ نەمانی ئازادی ڕێکخراوبوون وئازادی چالاکی سیاسی ومەدەنییەکان ئەگەر لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خۆیدا نەبێت. ئەمەش بەشێک لەسیستەمی سیاسی سەرمایەداری کە هاوکاری گەشەو مانەوەی هێزە کۆنەخوازو دژە ئینسانییەکان بکات. هەر چەندە واقیعەتی پەرلەمان لەناو حکومەتێک بەمانا پێشکەوتوو شارەستانی بێت، ململانێکان زیاتر ئاوێتەیە بە بەرگریکردن لەبەرژەوەندی خەڵک، ئەمەش دەرئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە لەڕوویی گەشەی وشیارییان بۆ تێکۆشان بۆ هێنانەدی ماف وئازادییەکانیان. ئەگەرچی سیستەمی وڵاتانی ئەوروپا هەمان سیستەمی سەرمایەدارییە کەلەجیهاندا هەیە لەسەر ئەساسی چینایەتی دامەزراوە، بەڵام لە واقیعدا لەڕوویی کردارییەوە جیاوازێک هەیە لەگەڵ وڵاتی ئەمریکا و بەریتانیا هەروەها لەوڵاتانی ئەوروپاش لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازێکە بەدی دەکرێت. لەهەموو ئەو وڵاتانەی ئەوروپا ئازادی تاک هەیە، بەڵام لەهەموو ئەوڵاتانەش خەڵک لەخۆپیشاندانەکان زیندانی دەکرێت وسەرکوت دەکرێت زۆرجار بریندایش دەکرێت. ئەوەی لەتێکۆشانی کۆمەڵایەتی ومێژوویی خەڵک بەدەستی هێناوە لەبەرئەوەی بۆتە گرێدراوی ژیانی کرداری خەڵک حیزبە سیاسی یەکانیان ناتوانن پاشەکشەی پێبکەن لەڕووی دەست ڕاگەیشتن بەماف و ئازادییەکانەوە. بەردەوامیش خەڵک بەتایبەت گەنجان وخەڵکی کرێکار لەتێکۆشانی زیاتردان بۆ هێنانەدی ماف و ژیانێکی باشتر. هەر ئەمەشە وای کردووە ئەندام پەرلەمانەکان کە کادیرو هەڵسوڕاوی حیزبەکانن هەریەکەیان بە بەرنامەو شێوازی خۆی لەپەرلەماندا کەململانێی خۆی دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەو کارنامەکەی ئاگاداری نەبەزاندنی هێڵە سوورەکانی کۆمەڵگە بێت کەبەهۆی گەشەی وشیاری تێکۆشانی جەماوەری خەڵک بەدی هاتووە. هەرئەم گەشەی وشیاریی خەڵکە بۆ تێگەیشتن لەقەیران وکێشەکان بۆتە زەنگێک بۆ سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتیش پەرلەمان وحکومەتەکانیان کە زۆرجار بێ دەستەو وەستان دەوەستن لەئاست چارەسەری قەیران و کێشەکانیان. ئەگەر هاتنی ڤایرۆسی کرۆنا نەبووایە ئەوا خەڵکی ناڕازی بەرگەی کۆی سیستەمی سەرمایەداری نەدەگرت، بەڵام هاتنی ڤایرۆسی کرۆنا بۆتە خێرو بێری زۆر بۆکۆی دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی بۆدرێژکردنەوەی تەمەنی سیستەمی سەرمایەداری. لەگەڵ بوونی ئەم ڤایرۆسی کرۆنایەشدا جارێکی تر بەرەو قەیرانێکی تر ئاراستە کرا کە چارەسەرەکان بۆ کێشەو قەیرانەکانی ڕابردوو و قۆناغی ئێستای کۆرۆنا ڤایرۆسی زەحمەتتربووە هەرگیز ناتواندرێت بەهەمان سیستەمی ئابووری سەرمایەداری کە چەندەها ساڵە لەبواری ئیدارەدانی کارگێڕی ئابوورییەوە کۆمەڵگەکان بەڕێوە دەبات. لەقۆناغی ئێستادا چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات. لەبەرئەوەی لەلایەک ڕێژەی هەژاری وبێکاری وبرسێتی زیاد دەبێت. بەپێی ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاوێژکاری بانکی نێودەوڵەتی ژمارەی هەژارەکانی کەئەکەونە ژێر هێڵی هەژاری بۆ ساڵی٢٠٢١ ژمارەی هەژارەکان ١٢٤ ملیۆن ئەبێت. لەلایەکی ترەوە ڕێژەی بەرزبوونەوەی سەروەت وسامانی سەرمایەدارو پارەدارەکان لەجیهاندا زیاد دەبێت. لەهەمان کاتیشدا ژمارەی دانیشتووانیش لەسەر گۆی زەوی زیاد دەبێت. لەلایەکی تریشەوە گەشەی وشیاری خەڵک بۆ تێکۆشانی هێنانەدی مافەکانیان زیاتربووە و زیاتریش دەبێت کەئەمەش فشاری جدی بۆسەر دەوڵەتانی سەرمایەداری هێناوە. بەناچاری خەڵک بیر لەئەڵتەرناتڤی باشتر دەکاتەوە بۆئیدارەدانی کۆمەڵگە. لە وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی وەکو ئێران و عێراق وکوردستان و تورکیا و سووریا ملهوڕییەکانی چەوسانەوە وسەرکوتەکان زۆر بەشیدەدترە کاریگەری زۆر نەرێنی بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگە زۆر زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی داهات وسامانی ژێرزەوی وسەرزەوەی زۆریشن. بۆنموونە لەوڵاتێکی وەکو ئێران بەگوێرەی توێژینەوەکان لەئێستادا ڕێژەی هەژاری لە 30%. ڕێژەی هەڵاوسان لە 50%. خاوەنی بێبەهاترین دراوی جیهانە لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتی ئێران خاوەنی دووەمین یەدەگی گازی سروشتیە لە جیهاندا. هەروەها خاوەنی چوارەمین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا. خەڵک بەهۆی هەژاری وبێکارییەوە ناچاری فرۆشتنی ئەندامانی جەستەیەتی. کەواتە هەبوونی هەڵبژادن و پەرلەمان چ سوودێکی هەیە و دەبێت بۆ خەڵکی هەژار وبرسی وکرێکار لەکاتێکدا پاش چل ساڵ پاش چەندین هەڵبژاردنی پەرلەمان وگوڕانی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی حکومەت وسەرۆکی پەرلەمان و وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان، بێگومان هیچ سوودی نابێت بۆ هەژاران و کرێکارانی کۆمەڵگە چونکە تائێستا حکومەت ناتوانێت چارەسەری نەخۆشییەکان بکات کە خەڵک پێویستی بەفرۆشتنی ئەندامانی جەستەی خۆی نەبێت، کە خەڵک ناچار بەکاری قورسی کۆڵبەری نەبێت لەسەر سنوورەکان زۆریش باش دەزانێت کە ئەگەری هەیە بەهۆی هێرشی پاسدارانەوە بۆسەریان بکرێتە قوربانی، بەڵام بەهۆی هەژاری وبێکارییەوە کاری کۆڵبەری دەکات. لەڕاستی دا بەردەوام بەهۆی گەشەی سەرکوت و ملهوڕییەکانی دەسەڵاتی فاشیزمەوە کە هەژاری و برسێتی و بێکاری و چەوسانەوە زیاد دەکات. کەوایە دەبێت کۆی سیستەم و دەسەڵات لەئێران بگۆڕدرێت و بخرێتە گۆڕەوە لەلایەن خەڵکەوە.

بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی هەژاری بەتێکڕا نزیکبووەتەوە لە (31.6%)ی دانیشتوان، واتە نزیکەی (11 ملیۆن و 400 هەزار) کەس لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین. کەوایە عێراق و کوردستان وێڕایی هەبوونی زۆری سامان و نەوت و بەرهەمی سەرزەوی و ژێر زەوی، بەڵام ڕاپێچی زیاتری هەژاری و بێکاری و برسێتی کراوە. لەکوردستان لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا ١١کەس لەبەشداربووانی خۆپیشاندەران کوژراون کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی حکومەت وحیزب دەسەڵاتدارەوە تەقەیان لێکراوە. هەتا ئێستا هەروەک بکوژانی تری خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و بکوژانی تیرۆرکراوانی ڕەخنەگرانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان کەساڵانی ڕابردوو کوژراون، بەڵام تاوانباران سزا نەدراون و دادگایی نەکراون. هەروەها لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا ٤٥٠ کەس لە چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سیستەمی ئیدارەدان و هەبوونی گەندەڵی ودزی و هەبوونی بێکاری وهەژارییەوە ڕاپێچی زیندانەکانی کوردستان کراون و دۆسییەی تایبەتیان لەدژ کراوتەوە و لەدادگاکان سزادراون و خراونەتە زیندانەکانەوە.

لەبارودۆخێکی فەزایی سەرکوتگەردا پەرلەمان و حکومەت خراپترین ڕۆڵی هەیە بەهۆی بێ هەڵوێستیان درێژەدان بەسەرکوت و چەوسانەوە و گەشەدانی بێکاری و هەژاری لەکوردستاندا. لەناو پەرلەمان زیاتر خۆی نمایش دەکرێت و شاباش لێدانە بەسەر خۆیان و حیزبەکەیان و سەرۆکی حیزبەکەیان، نەک ئەندامانی پەرلەمان کەشەڕ بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکی کرێکارو هەژار بکرێت و ماف وئازادییەکان باشتر بەدی بکرێت. هەر بۆیە شەڕەکان بۆ کەمکردنەوەی باج و دابەزاندنی نرخی غازو بنزین وکارەبا نییە. ئەگەر دەنگە دەنگ و شەڕیش بکەن لەپەرلەمان زیاتر شەڕی خۆنمائیشکردن و ئۆپۆزسیۆن بوونە، بۆدەنگ کۆکردنەوەی هەڵبژاردن ئەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە چوارچێوەی فرێودان و درۆکردن و فێڵکردنە لەخەڵکی چەوساوە و هەژار. پەرلەمان بێ ئەرزش و بێ کاریگەر کراوە ئەوەش بەنەخشە ڕێگای حیزبەکانی دەسەڵاتدار بۆئەوەی باشتر گەشە بەسەرکوت و چەوسانەوەکان بدەن. دەرئەنجامی ئەمە پەرلەمان ئومێدی گەلێکی بەخاک سپارد و فوی لەچراکانی ئومێد کرد ئەمەش بەجێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حیزبەکانی دەسەڵات. دەتوانم بڵێم حیزبەکان پەرلەمانیان کردووە بە بارەگایەکی گەورەی حزبی. پەرلەمان شوێنی داکۆکیکردن!! لە قووتی میللەت کردوویانە بە شوێنی داکۆکیکردن لە قووتی بەرپرسی حزبی و ماستاوچییەکانیان. لەناو پەرلەمان هەرەشە لێکتری دەکرێت.

چارەسەر لەکۆمەڵگەیەکی لە دەست ئەم گەلە گورگە سیاسییە کەحکومەت لەبناغەی دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا کەسی ساڵە تەمەنێتی نەیتوانیووە بەمانای وشە حکومەت بێت، کەناتوانێت نان، کار، ئازادی بۆ خەڵک دابین بکات، پەرلەمانێک کەپاش چەندین دەنگدان و هەڵبژاردن نەیتوانووە پەرلەمانێک بێت بۆ داکۆکی لەماف و ئازادی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان بێت. هەرگیز ناتواندرێت بەهۆی ئەم سیاسییە گەلە گورگانەوە ناتوانێت کۆمەڵگە ئاراستە بکات بەرەو نوێ بوونەوەو شارستانیەت و پێشکەوتن، بەپێچەوانەوە زیاتر ئاراستەی هەژاری و برسێتی و شەڕو ئاوارەیی دەکات لەبەرئەوەی ئەم گەلەگورگە سیاسییەی دەسەڵات بەردەوام لەناوخۆیاندا ململانێی دەکەن لەسەر زیاتر دەست ڕاگەیشتنیان بەسامان و پارەی گشتی خەڵک، کاتێک شەڕ دەکەن خوێنی خەڵک دەڕێژن و دەکەنە قوربانی هەبوونی ئاشتیشیاندا سامان وپارەی گشتی خەڵک دەدزن وتاڵانی دەکەن بۆئەوەی بەردەوام لەژیانی بەهەشت

بۆ لاپەڕە 11



## پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،**

**ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# هەتا کەی ئافرەتان ببنە قوربانی؟

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی نامۆ نییە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات، هۆکار و جۆری زۆرن و دەرئەنجامیشی قوربانی ئافرەتان و نائارامی خێزانە. دیارە توندوتیژی چەندین پێناسەی هەیە و شارەزایان لەم بوارە بەکورتی هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی هەر هەڵوێستی نامۆ و بەکارهێنانی وشەی زبر و لێدان و ئەشکەنجەدان توندوتیژییە .

هەڵبەتە کوشتن، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بەتایبەتی مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە کە بەو شێوەیە مافەکانی ئافرەتان پارێزراو نابێت و پێشێل دەکرێت. لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو گۆرانکاری و کرانەوە بەرووی وڵاتانی دیکە و تارادەیەک پێشکەوتنی هەرێم لەگەڵ ئەوەشدا کەیسی ئافرەتان پێشکەوتنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، گەرچی ئەو هەموو دامودەزگا فەرمی و ئیداری و ئۆرگانە حزبی و لایەنە سیاسیەکان هەن، بەڵام بەداخەوە بەهیچ شێوەیەک پشتگیری لەمافەکانی ئافرەتان ناکەن لەکاتێدا هەمویان ئاگادارن و دەبینن کە ڕۆژانەو ساڵانە چەندین ئافرەت دەکوژرێن و یان لەژێر فشاری ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکوژن و ئەشکەنجە دەدرێن و مافەکانیان پێشێل دەکرێت

توندوتیژی دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە بەڵکو جیهانییە و تایبەت بە شوێنێک یان وڵاتێک نییە، بەڵکو بە پێی بەڵگەکان و هەواڵەکان و ڕاپۆرتی مافەکانی ئافرەتان و ئەوەی کە خۆمان دیتومانە لە هەر شوێنێک ئافرەت هەبێت توندوتیژیش هەیە، بە شێوەی نهێنی بێت یان بە شێوەی ئاشکرا. توندوتیژی سنووری نییە، ژنان لەماڵەوە بن یان لە دەرەوە، خوێندەوار بن یاخود نەخوێندەوار، خاوەن داهاتی سەربەخۆبن یان بەپێچەوانەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەلایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژی دەروونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێکسیش دەبنەوە.

توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە و لە ئێستادا هەموو میدیاکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ئەگەرچی بەو پێیە توندوتیژی دژی ئافرەتان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چ بە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و چ بە کۆمەڵگەی دواکەوتوو دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە لایەن باوک، برا، هاوسەر، کەسوکاری نزیک وەک خاڵ و مام و تەنانەت ئامۆزا و خاڵۆزاش بەرەو ڕووی توندوتیژی دەبنەوە. بە پێی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی چالاکوانانی مافی مرۆڤ و دەزگا تەندروستییەکان توندوتیژی دژی ئافرەتان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک، کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لە سەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش لێکبترازێنێت.

شێواز و ڕەهەندەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان:

١ –سەرەتا لەسەر توندوتیژی جەستەیی قسە دەکەین، بەهەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ئافرەتان وەک لێدان، سوتان و کوشتن. لەم جۆرە توندوتیژییەدا شوێنەواری توندوتیژی بە تەواوی بە جەستەی کەسی لێدراو دیارە. کە بە پێی نوێترین ئامارەکان ٢٥ % ژنانی کۆی جیهان بەرەو ڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە و ژنان لە ترس یا لەبەر شەرم و ئابڕووچوون باسی لێوە ناکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن .

٢ –توندوتیژی دەروونی، ئەم جۆرە توندوتیژییە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە. ڕووبەڕووی سووکایەتی پێکردن، تانە و تەشەر، جنێودان لە لایەن کەسانی جگە لە بنەماڵە و خێزانی خۆیان، تۆقاندن و بەکارهێنانی زمانی زبر و هەڕەشە دەبنەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری قوڵتر و مەترسیدارتری هەیە و کەسێک کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە بێت زیاتر گۆشەگیر و بێزار و خەمۆک دەبێت، بە پێی وتەی پزیشکان ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بیر لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن دەکەنەوە.

٣– توندوتیژی سێکسی، ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لەلایەن هاوسەر و و کەسوکاری نزیکی ئافرەتانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆک و زیان دەکات. دەستدرێژی سێکسی و دووگیانبوونی زۆرە ملێ و لەباربردن لە خۆ دەگرێت کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی هیچکات لە دڵ و جەستەی ئافرەتان ساڕێژ نابێت.

٤– توندوتیژی خێزانی، باوترین شێوەی توندوتیژییە بە دژی ئافرەتان کە تێدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانوو بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە. دڵپیسی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان و هەندێجار منداڵنەبوون دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توندوتیژی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە ماددە سڕکەرەکان و بێکاری پیاوان و توڕەبوون و ناهۆشیاری پیاوانیش خۆی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی.

٥– توندوتیژی کۆمەڵایەتی، زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی باو باپیران و لەکەدارکردنی شەرەف و ناموسی خێزان و هەڵسوکەوتی ناشیاو و ئابرووبەرانە ژنان لە لایەن باوک و برا و هاوسەر و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێجار ژنان بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت و لەناو کەشوهەوایەکی پۆلیسیدا دەژین. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لەبەرکردن و بێبەریکردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییەوە.

# لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا**


# زەرورەتی واقیعی شیعری هەجوو ..؟

## نووسینی: جەمال نوری

زمانی هەجوو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، لەناو هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا ژانەری ئەدەبەکەی شیعری هەجووی لەخۆ نەگرتبێ ئەوا بێ سێ و دوو ئەو کۆمەڵگەیە لەشوێنی خۆی نابزوێ، وەک ئاوێکی مەنگی لێ دێ کە هیچ کانی و سەرچاوەو جۆگەلە ئاوێکی تێ نەچێ، شیعری داشۆرێن زادەی هەڵقوڵاوی بیرو ئەندێشەو زام و برینەکانی ناو چین و توێژە جوداکانی ناو کۆمەڵگەیە لەم بارەیەوە ( تۆلستۆی ) دەڵێ، کاتێک کەسێکی هاوی چیرۆکێ یا بەیتێ دەڵێ گەرچی ئەوخاوەن سەلیقەیی ئەدەبی نییە، بەڵام بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی یا بەیت و بالۆرەکەی هەستی بەرامبەرەکەی ببزوێنێ، ئەوا ئەو دەقە یا بەیت و بالۆرەیە دەوترێ دەقێکی ئەدەبی، ئەرک و وەزیفەی نوسەرو شاعیر ئەوەیە بەرگێکی ئەدەبی بکاتە بەر ئەو دەقە یا چیرۆکە تاوەکو لەخانەو ژانەری ئەدەبی ئەو گەلەدا تۆمار بکرێ، کاتی خۆی شیعری کلاسیکی کوردی وەک پایە سەرەکیەکانی تەواو دروست نەبوو، بەڵام کاتێک شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێت و شیعری هەجوو داشۆرین دەهێنێ و لەناو خانەی شیعری کلاسیکی کوردیدا دایئەنێ بەم هەنگاوەی شێخ ڕەزا توانی ببێتە سەرمەشقی ئەم ژانەرە شیعرە و بە ڕائیدی شیعری هەجوو ناوزەد بکرێ، هەڵبەتە بوونی شیعری داشۆرینی شێخ ڕەزای تاڵەبانی نەبوایە ئەدەبی شیعری نەیدەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوەو پێ بەپێی سەردەم کات و شوێنی واقیعی جێگای خۆی بگرێ وە لەم ڕێگایەشەوە وەرچەرخانێک دروست بکات لە شیعری کلاسیکی کوردی و واقیعی کۆمەڵگەکەش پێ بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە گۆڕان لەناو بیرو ئەندێشەی تاکی کوردی دروست بکات.

بێینەوە سەر زمانی شیعری لە شیعرە هەجووەکانی حەسەن هەڵەبجەیی شاعیر، لەم زەمەن و زەمینە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە هێشتاکە بایەخ و گرنگی و ئەهەمیەتی شیعری داشۆرین لەناو ئەدەبی ئەم لەم قۆناغەی کۆمەڵگەکەماندا زەرورەتکی واقیعی و خۆڕسکی هەیە، چۆنێتی لەدایکبوونی شعری هەجوو ...

هەریەک لەئێمە لەوە باش تێ دەگەین شیعر لە هەلومەرجێکی تایبەت دێتە بوون لەلای شاعیر، واتە نوسینی شیعر هێندەی وابەستە بە هەلومەرجە خودی و بابەتیەکانی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەی شاعیرەوەیە، هێندە وابەستە نییە بەوەی پێی دەوترێ ئیلهام واتە لەدەرەوەی ئیرادەی بیروو ئەندێشەی شاعیرەوە بێتە بوون، بەڵکو شیعر هەڵقوڵاوی حاڵەتە ڕۆحی و سایکۆلۆجی و مەسەلە گەلێیکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیرەوە هەیە، کاتێکیش شاعیر بیەوێ ئەو حاڵەتانە بەشیعر تەوزیف بکات دەبێت خاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری و دنیابینی و خەیاڵ و زماننناسی و کەرەستەی وشەی لەلابێ تاوەکو لەڕێگای وشەکانیەوە بیانچنێ و شوێنگۆڕکێ بەماناو دەستەواژەو مەدلولەکانیەوە بکات وەک لەشیعری هەجوودا دەبینێرێ. حەسەن هەڵەبجەیی وەستایانە پەیڕەوی ئەم ڕێسایەی کردوە لەتەوزیفکردنی شیعرە هەجوەکەی. وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە.



لەم سوقی دەهرەدا هاوڕێم دەرمان و دەرد یەک سەرچاوەن

چونکە زوحاکی مار بەشان ئێستا لەجێگاکەی کاوەن

گەل هەر سوتاوەکەی زوەو هەتاکو مردن دەبرژێت

ئێستاش ئەوەی گەورەی شارە هەمان تاسوهەمان تاوەن

بابزانین چۆن لەڕێگای دەلالەتەکانیەوە دەیەوێ ئەو مەدلولەمان بداتێ وەک لەدێڕە شیعری یەکەمیدا هەردوو وشەی دەرمان و دەردی لەخانەیەکدا تەوزیف کردوە لەکاتێکدا هەریەک لەم دوو دەستەواژەیە جێگاو ناو و مانای جودای خۆیانیان هەیە ، بەڵام کاتێک سەرەتای دێرە شیعرەکەی دەبینین، ئەوسا دەزانین شاعیر لەخۆڕا نەهاتووە ئەم دوو وشەیە لە یەک خانەدا دابنێ کەدەڵێ ..لەم سوقی دەهرەدا، واتە ئەو دەزانێ بازاڕی ئەمڕۆی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەکەی هەمووی دەهرە واتە ناخۆش و فقرو فەلاکەتە ماناکان لەشوێنی خۆیاندا نەماون، بەڵکو واتاو مانایەکی تریان لەشوێنی خۆیان هەڵگرتوە، وەک دەنوسێ لەدێڕی دووەمیدا، چونکە زوحاکی مار بەشان ئێستا لەجێگاکەی کاوەن، ئەمە پارادۆکس نییە لەدژەیەکی، بەڵکو واقیعی حاڵ ئەوەی دەگوزەرێ بەوچەشنەیە بەمانایەکی تر کە لەم واقیعی حاڵەدا قوربانی یەکەمە و دەسەڵاتداران و مفتەخۆرانی ماستاوچیش جەلادی ئەمڕۆن. سەرەنجام دەبێ ددان بەو ڕاستیەدا بنێین کە نوسینی شیعری هەجوو پارووی دەمی هەموو کەسێکی خاوەن قەڵەم نییە، بەڵکو تایبەتە بەو مرۆڤانەی تەمەنی ژیانیان بۆ ژیانێکی باشتر بۆ نەوەکانیان دادەنێن و قوربانی بە گیان و ڕۆحی خۆیان دەدەن لەپێناو باشکردنی واقیعی چەوتی کۆمەڵگەکەیان کاتێکیش دەبینن بەرەی ڕەنجەکەیان بەفیرۆ و بەهەدەدەر دەدرێ لەلایەن دەستەو تاقم و مشەخۆرانەوە ئیدی لێرەوە زمانی شیعری هەجووی دەپژێ و بەسەرو گوێلاکی تاک بەتاکی مشەخۆرانی وڵاتەوە دێتە خوارەوە هەرچی شورەت و عەیب و عاریان هەیە لەبەریاندا دایدەماڵێ و دەمامکەکانیان پێ فڕێ دەدات، تاکو ڕسوابکرێن لەناو ئەهلی سەنعەتکار. .

# ئەشق لەنێوان دەقی ئەحمەد ڕەزاو جی دی مۆپاسان دا



## نووسینی: جەمال نوری

دەقێک هێندەی دەقەکانی جی دی مۆپاسان، لەناو ئێستاتیکای جوانی نوسین و خەیاڵ و فەنتازیا خۆی وێنا کردوە، لەنزیکەوە لەمسی ئەو تەقسە جوان و شەفاڤەی ئەو حاڵەتە ڕۆحی و غەریزیانەی نێوانیان دەکەین ئەو دەمەی وەک شاعیر ڕوونتر پەیوەندیەکە تەوزیف دەکا بۆمان و دەڵێت :–

((با لە جێیەک دانیشین))

جێیەک چۆڵ و هۆڵ وەک دڵم

تەنها خۆتی تیا بیت...!

ڕێگەی ئاڵۆزو پڕ پێچ و ون بێت،

کات: گەواڵە وەهمێک بێت؛

وەک ڕێی وێڵ و کاتی بەیەک گەیشتنمان.

جێیەک بەقەدەر تەنیاییم بێدەنگ و

بەقەدەر خەیاڵم فراوان.

دوو هەتاو لە حەوشەیدا

بدەرەوشێنەوە

وەک گوڵستانی سنگت کاتێ چۆک

بە پاسەوانەکانی دائەدەن.

با لە جێیەک دانیشین؛

پڕ بێ لە دڵەڕاوکێ و شەپۆل و

ترس؛

وەک تامەزرۆییم لە بینینتا،

پڕ بێ لە هیچ..

خۆ لە گێلییدان

وەک هەستی شکۆفە نەکردووت.

با هیچ ڕۆژژمێرو مانگ و ساڵ

ژمێرێکی تیا نەبێ!

نەبا شەرمەزاری بەردەم ئەو

هەموو ساڵەتکا!

با لە جێیەک دانیشین؛

ڕووت و قووت

وەک چرپەی عەشقێک

کە چەندین ساڵە ئەیبیسیت و

لێی تێ ناگەیت!

بالەجێیەک دانیشین

ڕووت و قووت،

وەک چرپەی ئەشقێک

کە چەندین ساڵە ئەیبیستیت و

لێی تێ ناگەیت.

شاعیر لەم دەقەدا، بەجەشنی جی دی مۆپاسان لە چیرۆکێکدا ئاماژەی بەو تەقسە جوانەی نێوان کوڕو کچێک دەکات کە چیرۆکێ ئەشقێک هانی داون لەژێر هاژەی چڕی تاڤگەیەکدا ڕۆحیان بشۆن، وەلێ بیری ژەنگرتوی کۆمەڵگە ئەوە قبوڵ ناکات. تائەو جێگایەی ڕوەو تاڤگەکە هەنگاو هەڵێینن تاوەکو تۆڵەیان لێ بکەنەوە، ئەو دەمەی بەڕووت و قووتی لەژێر ئاوی تاڤگەکەدا دەیان بینن بەحۆری و دوو مەلی تەڕ تەڕ بوو وێنایان دەکەن، سەرئەنجام ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەچیرۆکەکەی مۆپاسان لە کۆتادا لەنێو ئەتمۆسفیری ئەو ئەشقە ڕەنگاڵەیەدا دنیای جوانی و ئەشقی سروشتی نێوان ئاشق وێنای تابلۆکە لای خەڵکەکە دەگۆڕێ کە نەتوانن زیانیان لێ بدەن، لەم دەقەی شاعر ئەحمد ڕەزا ی هاوڕێشم، لەناو وێنە گشتیەکەدا دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوەی گۆڕان لە دنیا بینی ئەو ئەشقەیدا دروست نەبووە ئەو مەعشوقەیە گەرچی بەدووی کەوتوە، بەڵام نەیتوانیوە سەرکێشی بکات و هەست بە لەمسی ئەو ئەشقەی بکات.



# بەختیار محەمەد: یەکێتی و پارتی بوونەتە چینێکی مشەخۆری خێڵەکیی ئۆرۆستۆکرات لەسەر ژیانی زۆربەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بەختیار محەمەد نوسەر و ڕەخنەگر؛ سەبارەت بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئایندە سیاسییەکەی.

**بۆپێشەوە: ئەم ماوانەی دوایی پرسی ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان هاتۆتەوە گۆڕێ، ئەمە پەیوەندی بەچییەوە هەیە، یان چ شتێیک گۆڕاوە؟**

**بەختیار محەمەد:** ئەمە بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە شێوازی فەرمانڕەوایی پتر لە (٣٠) ساڵەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردییەوە هەیە. ڕاستییەکەی هیچ شتێک نەگۆڕاوە: دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی پارتی و یەکیەتی لەسەر هەمان سیاسەتی ستەمکارانە و تالانچییانەی خۆی بەردەوامە؛ بەڵکو وەک دەیبینین دۆخەکە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپترە و خراپتر دەبێ. ئێستا ناکۆکی و ململانێ لەسەر پلە و پایە و پارە لەوپەڕی گرژی و توندیدایە. ئەوان بوونەتە چینێکی مشەخۆری خێڵەکیی ئۆرۆستۆکرات لەسەر ژیانی زۆربەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان.

**بۆپێشەوە: دیارە پیشتریش باسی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام لەم چەند مانگەی رابردوودا زۆر بەگەرمی باسی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەو مەترسیانە چین کە لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**بەختیار محەمەد:** دەشێ بڵێین ئێستا مەترسییەکان لە هەموو وەختێک زیاترن؛ ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەمیان، دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەند (هەڵبەت بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبیشەوە) زۆر لە جاران بەهێزترە و پتریش لە جاران شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیە (بەتایبەتیش ئەمە لەپاش ریفراندۆمە شکستخواردووەکە باشتر دەرکەوت و بەرجەستە بوو).

### گەندەڵیی و تالانکاریی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە و ململانێی کوشندەی نێوانیان ئێستا وەك سەردەمی شەڕی ناوخۆ، لە لووتکەدایە. ئەمەش وا دەکا، کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە پێگەی هەرێم لە عێراقدا لاواز و بێ هێز بێ ...

دووەم، گەندەڵیی و تالانکاریی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە و ململانێی کوشندەی نێوانیان ئێستا وەک سەردەمی شەڕی ناوخۆ، لە لووتکەدایە. ئەمەش وا دەکا، کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە پێگەی هەرێم لە عێراقدا لاواز و بێ هێز بێ. ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم دەسەڵاتە لەناو خەڵکی ئاسایی و ستەمدیدەدا تا ڕادەیەکی زۆر متمانەی خۆی لە دەست داوە.

**بۆپێشەوە: مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، مەترسی دەرەکین یان ناوخۆیی یان هەردووکیان؟**

**بەختیار محەمەد:** ڕاستییەکەی مەترسییەکە هەردووک لایەنە؛ بەڵام مەترسییە ناوخۆییەکە زیاترە. بەواتای هەڕەشەی مەترسییە دەرەکییەکە بەندە بە ئاستی هەڕەشەی مەترسییە ناوخۆییەکەوە. وەک دەشزانین شەڕ و ناکۆکی و ملانێی دەیان ساڵەی نێوان پارتی و یەکیەتی لەسەر دەسەڵات و پارە، گەورەترین هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر قەوارەی هەرێم.

**بۆپێشەوە: مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، چ پەیوەندیەکی بە ئایندەی سیاسی کوردستانەوە هەیە؟**

**بەختیار محەمەد:** خراپترین پێوەندی بەم ئایندەوە هەیە، کە دەشێ بە تەواوی لەناوی ببا. وەک کە پلاسخارتی نێردەی (UN)بەم دواییە بە ڕاشکاوی ئەم مەترسییە ڕاستەقینەی ڕایگەیاند و بە گوێی دەسەڵاتدارانی هەرێمی دا دا.

### شەڕ و ناکۆکی و ململانێی دەیان ساڵەی نێوان پارتی و یەکیەتی لەسەر دەسەڵات و پارە، گەورەترین هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر قەوارەی هەرێم.

*بەختیار محەمەد: نووسەر و ڕەخنەگر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ – هەولێر. لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردووە و پاشان لە سەرەتای ساڵانی نەوەد چالاکێکی بزووتنەوەی چەپی کۆمۆنیستی کریکاریی بووە. هەر لە ساڵانی کۆتایی دەیەی هەشتاوە دەنووسێ. یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بووە لە ساڵی ١٩٨٩ بە ناوی (ئافرەت و کۆمەڵگەی سەرمایەداری). لە سەرەتای ساڵانی نەوەدیش لە کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری شەبەنگ لەگەڵ هاوڕێیان جەمال کۆشش و ناڵە حەسەن و وەفیق زامدار و عەبدوڵا سلێمان و هی دیکەش، کە ئێستا بەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیر نەماوە، گۆڤاری ئەدەبی پرۆلیتاریی (نینا) یان دەرکردووە. هەر لەوساوەش، واتە لە کۆتایی ساڵانی هەشتا، کەم کەمە لە سایت و گۆڤارەکاندا (ڕامان، دەنگەکان، هەنار، ڕۆژی کوردستان...) بابەت و نووسینەکانی بڵاوکردووەتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە...

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# دڵشاد محەمەد عارف : من لەوباوەڕەدام هێرشەکانی سەرهەرێمی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نادەوڵەتبونی ئەم قەوارەیەوە نییە، وابەستەیە بە خواستی سەرمایەداری ناوخۆیی و چواردەورەکەی...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز دڵشاد محمد مارف کۆمۆنیست و هاوخەباتی چینی کرێکار سەبارەت بە قەوارەی هەرێم و ئایندە سیاسییەکەی...

**بۆپێشەوە: نەبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تا چەندە هۆکارێکی بناغەییە، بۆ بوونی بەردەوامی هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان؟**

**دڵشاد مارف:** من لەوباوەڕەدام هێرشەکانی سەرهەرێمی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نادەوڵەتبونی ئەم قەوارەیەوە نییە وابەستەیە بە خواستی سەرمایەداری ناوخۆیی و چواردەورەکەی.

ئەگەر چاوێک بخشێنین بە هێرشەکانی ١٦ئوکتۆبەر و ڕاوەستانی سوپا و حەشدی شەعبی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەهەرێمی کوردستان لەهەر هێرشێک کەکراوەتە سەری تا ئەوڕادەیەیە کەبەرژەوەندی بۆرژوازی لەناوخۆ و دەرەوەی پێوەی گرێدراوە.

**بۆپێشەوە: ئەگەر قەوارەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی ئێستای نەمێنی و ببێتەوە بە بەشێک لە عێراق یان ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق، دەتوانێت کۆتایی بەپرسی سیاسی خەڵکی کوردستان بهێنێت لە عێراقدا؟**

**دڵشاد مارف:** دیارە هەرێمی کوردستان لەڕوی جیوپوڵەتیکیەوە گرێدراوی عێراقە. بەڵام نەهەرێم و نە حکومەتی ناوەندی ناتوانن وەڵامدەرەوەی خواستی میللی بۆ نەتەوەی کوردبن و چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لەئیرادەی حکومەتی ناوەند وهەرێمدا نییە. بەڵکو ئەوەی دەتوانێت وەڵام دەرەوەی واقعیانەی ئەم خواستە بێت تەنها و تەنها ئیرادە و بوونی باوەڕی هەردوو نەتەوەی سەردەست و ژێردەستە بە چارەسەرکردنی کێشەی میللی کورد.

**بۆپێشەوە: گێڕانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەژێر گوشاری سیاسی و سەربازییدا بۆ ژێرسایەی دەوڵەتی ئێستای عێراق، ڕۆڵی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی چی لێ دەکات؟**

**دڵشاد مارف:** لە بارێکدا وەک گریمانەش بۆئەم دۆخە ناڕوانم. چونکە بەم شێوازەی ئێستا لەسود و بەرژەوندیەکانی هەردولا بە پارێزراوی دەهێڵێتەوە. بەڵام لەکاتێکدا وەک گریمانە ئەم دۆخەش بێتە پێش ئەحزابی بورژوازی کورد لەگەمە سیاسی و سەربازیەکانداجارێکیتر گرەو لەسەر ژیان و خوێنی ڕوڵەکانی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە دەکەن و بەجوڵاندنی هەستی نەتەوەیی و ئاینیی دەکەونەوە گیانی چینی کرێکار لە هەر دوونەتەوەی سەردەست و ژێر دەست. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زەمەنێک ئەحزابی سیاسی کورد لە هەرێم دەکەوێتە کەنارەوە.

> دیارە هەرێمی کوردستان لەڕوی جیوپوڵەتیکیەوە گرێدراوی عێراقە. بەڵام نەهەرێم و نە حکومەتی ناوەندی ناتوانن وەڵامدەرەوەی خواستی میللی بۆ نەتەوەی کوردبن و چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لەئیرادەی حکومەتی ناوەند وهەرێمدا نییە...

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە چەپ و کۆمۆنیستەکان، نوێنەرایەتی چارەسەری سیاسی خەڵکی کوردستان ناکەن و بەکردەوە ئەم مەسەلەیان فەرامۆش کردووە؟**

**دڵشاد مارف:** چەپ بۆخۆی بەشێکە لەهاوکێشەی پاراستنی خواست و قازانجی سەرمایە. بەدرێژای مێژویەک کە هەیبووە زورڕناژەنێکی دەستکەوت و خواستی سەرمایەداری بووە... وەبەشێک بووە لەئەجندای دەوڵەت و پاراستنی دەستور ویاساکانی هەروەک دەبینین باس لەدەوڵەتی کوردی. ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لەلایەن چەپی وردەبۆرژوازی کۆمۆنیزمی بۆرژوازیەوە دەکرێت. بۆکۆمۆنیستەکان تاکە چارەسەر بۆ ڕزگاربوون لە کێشەی میللی بەدەوڵەت و سەربەخۆی نەتەوەیەک کۆتایی بە کێشەکان نایەت، بەڵکو بۆچارەسەری ڕیشەیی دەبێت لەنێو هاوخەباتی چینایەتی چینی کرێکارەوە چارەسازی بۆ بێتە پێش و نەتەوە و ئاین و ڕەنگ و سنورەکان لەم ڕێگەیەوە لەبەین ببریت. نەک کۆمۆنیستەکان ببنە پاشکۆی بێ ئیرادەکردنی کۆمەڵگەیەک بەناوی نەتەوەو گیرکردنی لەژێر چەوسانەوەی بەدیوێکیتر لەلایەن بۆرژوازی نەتەوەییەوە.

> بۆکۆمۆنیستەکان تاکە چارەسەر بۆ ڕزگاربوون لە کێشەی میللی بەدەوڵەت و سەربەخۆی نەتەوەیەك كۆتایی بە کێشەکان نایەت، بەڵکو بۆچارەسەری ڕیشەیی دەبێت لەنێو هاوخەباتی چینایەتی چینی کرێکارەوە چارەسازی بۆ بێتە پێش و نەتەوە و ئاین و ڕەنگ و سنورەکان لەم ڕێگەیەوە لەبەین ببریت.

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا، چ ڕۆڵێکی هەیە، لە بەرگری لە قەوارەی سیاسی هەرێم و خستنەڕووی ئایندەیەکی سیاسی تر بۆ هەرێم؟**

**دڵشاد مارف:** کاتێک دەوترێت بزووتنەوەی نارەزایەتی. دووجۆرلەخۆی دەگرێت؛ یەکەمیان: بەشێکە لە نوێنەرایەتی بۆرژوازی و لەژێر پەرچەمی بەناو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان بەشێک لە ئۆپوزسیونی بۆرژوازی و رشتەکانی ماموستایان و فەرمانبەران وەک توێژێکی وردە بوژوازی لەنێوگەمەکاندا بەشێکن لەپاریزەری واقعی لە ئیرادەی دەسەڵات، و نابنە فشار بۆسەر ئەم سستەمەی کەدەسەڵاتدارێتی لەئەستودایە وەخۆیان دەبیننەوە لە نێو نارەزایەتیەک کە ئاڕاستەی سوڕانەوەی خۆی لەنێو هەمان سیاسەتدا دەبینێتەوە و لەدوا هەنگاویدا دەیەوێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە بەناو فشارێک بکات کەدواجار لەخزمەتی دەسەڵاتدایە.

دووهەمیان نارەزایەتی واقعی چینی کرێکارە کەبتوانێت کاریگەری هەبێت بەمەرجێک ئاسۆیەکی ڕۆشن لە پێشیدا بوونی هەبێت کەبتوانێت بەئاگاییەوە دەست بۆخستنەڕوی ئایندەیەکی سیاسی جیاواز بەرێت. ئەم ئاسۆیە لەئێستادا بوونێکی گەورەی نییە و دەتوانم بڵێم لەکەناردایە. کەپێویستیەکی مێژوییە و دەبێت کۆمۆنیستەکان، مەبەستم لە کۆمۆنیستە واقعیەکانە بتوانن پێگەی خۆیان لەنێو ئەم چینەدا جێکەوتە بکەن هەتاکو بتوانرێت بە دیدگایەکی سوسیالستی چینی کرێکار بۆ ئەوئاڵوگۆڕە ئامادەبکرێت.

**سوپاس بۆئێوەی ئازیز بۆپێدانی ئەم دەرفەتە هەتاکو بتوانم دیدی خۆم لەسەر ئە بابەتە بخەمەڕوو.**

وەکو پرەنسیپێکی گشتی، کۆمۆنیستی کرێکاریی خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی وڵاتیی گەورەتردا کە ڕێکخستنی ڕیزی بەهێز و توانای کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی وڵاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، کۆمۆنیستی کرێکاریی مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ.

## درێژەی دوا وتە

لە ململانێكانی ناوخۆی هەرێمدا، پاشەكشەیەكی گەورەی بەیەكێتی كرد و جێگای بۆ نەخشەو تموحەكانی پارتی بەتەواوەتی فەراهەم كرد. یەكێتی جیاوازییە روكەش و دروشمبازیەكانیشی لەگەڵ پارتی، بەرەو نەمان برد و یەكیتی كردە پاشكۆی پارتی و سیاسەتەكانی... ئەمەش كێشە ناوخۆیەكانی یەكێتی زیاتر كرد، جیابوونەوەی بەشێك لەسەركردەكانی یەكێتی و دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان، یەكێك لە لێكەوتەو دەرئەنجامەكانی ئەم ململانێی ناوخۆییە بوو.

نەخۆش كەوتنی تاڵەبانی و دووركەوتنەوەی لە كایەی سیاسی و مردنی، برگەیەكی ترە كە هێندەی تر یەكێتی نیشتیمانی بێ سەر كرد و ناوەندی كۆكەرەوەی باڵ و لاباڵەكانی یەكێتی تێك ڕمان و تووشی داروخانێكی كەم وێنە بوو. دیارە دەورەی نەخۆشینی تاڵەبانی، دەورەی درۆبەخشێنەوە و ناراستگۆی رابەریەكەی سەبارەت بە وەزعی تاڵەبانی بێ كاریگەر نەبوو لەسەر دۆخی خراپی یەكێتی بەرەو خراپتر.

یەكێتی لەسەردەمی نەخۆشی و دوای تاڵەبانی، بووە كاریكاتۆرێكی عەنتیكە، جەنگی میراتگری بۆ جێگاكەی تاڵەبانی، بووە ناوەندی ململانیی نوێی ناوخۆیی لەناو تەلاری ریكخراوەیی یەكێتی و بەتایبەتیش لە ئاستی رابەریەكەیدا، لەناو ئەو ململانێیەشدا سەركردایەتی و رابەریەتی یەكێتی یان یەكێك لە باڵ و لاباڵەكانی ناوخۆی یەكیتی پرۆژەیەكی دیاریكراوی سیاسی بەدەستەوە نەگرت و تا لەو ڕیگایەوە زەمینەی پاراستنی سەنگی یەكێتی زامن بكات و ڕیگاش خۆش بكات بۆ هێنانەدەرەوەی رابەرایەتیەكی تر و خستننە رووی كاراكتەرێكی تر بۆ رابەرایەتی. نەبوونی هیچ پرۆژەیەكی سیاسی و هاوكات هیچ رێگاچارەیەك بۆ پركردنەوەی جێگای تاڵەبانی جێگای خۆش كرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارەو هێز و دەزگای ئەمنی، كە لەدەستی بنەماڵەی تاڵەبانیدا بوو، یەكیتی ڕاكیشا بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەلگوی تەوریسی سیاسی و لەو راستایەشدا بنەماڵەی تاڵەبانی كە داهاتی یەكێتی و بەشێكی زۆر دەزگا ئەمنی و ئیدارەكانیان بەدەستەوە بوو، لەگەڵ ئامۆزاكانیان كە دژە تیرۆریان بەدەستەوە بوو، سەرچاوەی دارایی و هیزی چەكداریان كردە، بەردەبازی گوستنەوەی دەسەڵاتی ئۆرگانەكانی یەكیتی بۆ دەستی بنەماڵە و كەنارخستنی كاراكتەرەكانی تری ناو یەكیتی. بەمەش یەكێتی گورزێكی گەورەتر بەر جەستەی زامداری كەوت.

دەسەڵاتی بنەماڵەیی بۆئەوەی خۆی لەو گێژاوە رزگار بكات و ریزەكانی یەك بخاتەوە، پەنای بۆ بەستنی كۆنگرە لە ژێر ناوی تازەكردنەوەی یەكێتی برد، بەڵام كۆنگرە بەبێ دنیابینیەكی سیاسی دیاریكراو بەبێ پرۆژەی رۆشنی سیاسی، بەبێ نەخشە بۆ داهاتووی ململانێكان... زۆتر كۆنگرەی كردە جێگایەك بۆ رەوایەتی دان بەدەسەڵاتی بنەماڵەیی و كۆتاییهێنان بەرۆڵی كاراكتەرە سیاسی و بریاربەدەستەكانی یەكێتی كە لەدەرەوەی بنەماڵەی یەكیتی یان لە بازنەی خزمەت بە بنەماڵەی تاڵەبانیدا نەبوون. بەڵام بەو هۆیەوە لەناو بازنەی بنەماڵەی یەكێتیدا تەماحی دەسەڵات و گرتنە دەستی سوكانی یەكیتی، بەش بەش بوو، بۆیەش ڕیكەوتن لەناو خۆیاندا لە جێگای سەرۆكێك، دوو بەچكە سەرۆكی بە كەڵك وەرگرتن لە فۆرمی هاوسەرۆكی كردە بژاردەیەك، دیارە فۆرمی هاوسەرۆكی بە لۆژیكی نوێی یەكێتی، تا لانی كەم كۆنگرە تێپەڕنن و وەكو دەرمانێكی كاتی و هاوكات سڕ كەر، ریزەكانیان بۆ ماوەیەك بێ هۆش یان سەرمەستی ڕیكەوتنی ئامۆزاكان بكەن.

لەو رۆژەشەوە كە هاوسەرۆكی لە یەكێتیدا بریاری لێدرا، ململانێی نێوان هاوسەرۆكەكانیش دەستی پێكرد، بۆ بوون بەسەرۆكی یەكێتی. دیارە یەكێك لەو ناكۆكیانەی لە پرسی هاوسەرۆكی یەكیتیدا روویدا و جیگای سەرنج بوو، لە جێگای ئەوە كوڕانی تاڵەبانی ببنە هەمەكارە، كە داهات و بەشی زۆری هیزی چەكدار و ئەمنی و ئیدارییان لەدەستدابوو، ئامۆزا هەڵزنی بۆ ناوەندی دەسەڵات، ئەمە لەگەڵ لۆژیكی دەسەڵاتی بنەماڵەییدا ناكۆكی هەبوو، دەبوو وە دەبێ ئەم ناكۆكییە ڕاستبكرێتەوە. هەوڵی كوڕانی تاڵەبانی بۆ باڵادەستی بەسەر لاهور و براكانیدا، بۆ راستكردنەوەی ئەو خواری و گێرییە لە پرسی دەسەڵاتی بنەماڵەییدا.. دەسەڵاتی بنەماڵەیی دەسەڵات لە باوكەوە بۆكوڕ یان لەحاڵەتی دەگمەن و نەبوونی كوڕدا بۆ برا دەگوازێتەوە، نەك بۆ برازا. ئەم نارێكییە لەلای بنەماڵەی تاڵەبانی، ئەگەرچی كۆنگرە بەم جۆرە براندیەوە، بەڵام قبوڵ كراو نەبوو.

بنەماڵەی تاڵەبانی دەیانەوێت ئەم لادانە لە فۆرمی دەسەڵاتی بۆماوەیی راست بكەنەوەو لەوەش دەچێت، نەیانەوێت چاوەروان بن تا كۆنگرەیەكی تر، و گوێ بەپرسی لایەنی حقوقیش نادەن، بۆیە ئەم پرسی گوێزانەوەی دەسەڵاتی یەكەم بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی، بە رێرەوێكی بێ كێشە، یان بە شێوەی ئارام ناچیتە پێشەوە، هاوكات مەسەلەیەكیش نییە وابەستە تەنها بە ناوخۆی یەكێتیەوە، بەڵكو وابەستەیە بە تەواوی زۆنی سەوز و هاوسەنگی هێز لە ئاستی هەرێم و ویستی وڵاتانی ناوچەكەش.

ئەوەی لەم مانگە روویدا بە گۆرینی بەپرسی دەزگای دژە تیرۆر و زانیاری دەستپێپكرد، سەرەتای ململانێییەكی بێ كۆتایی نێوان هاوسەرۆكەكان دەبێت، كە بەئاراستەی كۆتاییهینان بەفۆرمی هاوسەرۆكیدا دەچیتە پیش و هاوكاتیش تا گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی بەشیوەی توند و لەوانەیە زبریش درێژەی دەبێت. ئەم ململانێیە، كە لەنیوان دوو هاوسەرۆكی پشت بەستو بەهیزی چەكدار و ئەمنی و پشتیوانی جیاجیایی ناوخۆی و ناوچەیەیدا، دەچێتە پیشەوە، بۆیە بەدوور دەزانرێت بێ دوكەڵ و بێ قوربانی تێپەرێت. ئەمە ئەو مەترسیەیە كە پیویستە بە شیوەیەكی بەرجەستە ببینرێت و مامەڵەی لەگەڵ بكرێت. بەتایبەتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، رابەران و هەلسوراوانی بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان، كەسانی دلسۆز و خەم خۆر، نابێ رێگە بدەن خەڵكی ئەم زۆنە ببنە قوربانی و توشی دڵەراوكی ببن و بخرینە ناو كەشی جەنگی و میلیتاریزە بوونی شوێنی كارو ژیانیان. بۆ یەكلایی كردنەوەی ململانێی دەسەڵات و پرسی باڵادەستی بەسەر یەكێتیدا پێویستە یەكێتی هێندە بخریتە ژیر گوشارێكی فراوانی كۆمەڵایەتیەوە كە دەست بۆ چەك و تەسفیەی جەسەدی نەبرێت و بە شێوەی سیاسی كۆتایی پێ بێت.

دیارە كیشە و ململانێی نێوان هاوسەرۆكەكان، لەگەڵ ئەوەدا بەرئەنجامی ئەزمەی سیاسی قوڵتری سیاسی یەكێتیە لە ئاستی كۆمەڵایەتی و گۆرەپانی سیاسی كوردستاندا، هاوكاتیش ئەو ململانێییە رێگایەك نییە بۆ دەرچوونی یەكێتی لەو ئەزمەیە، بەڵكو قوڵتری دەكاتەوەو رەوتی پاشەكشەی یەكێتی زیاترو خێراتر دەكات. زیاتر لەوانەش یەكێتی وەكو هێزێكی سیاسی بێ رابەریەكی جێگا متمانەی ڕابەری و سەركردایەتیەكەی، وە بەوێنەی هیزێكی سیاسی نارۆشنی سیاسی، نیچیری چەند لایەن و تەوژمی جۆراوجۆری ناوخۆیی و ناوچەییە، لەوانەش نێچیرێكە پارتی دەمێكە لە رێگای بەخشینی ئیمتیازات بەبەشیك لە سەركردەو كادركانی یەكێتی، ژینگەی بۆ ئامادەكردووە، ئەوە بەجیا لەوەی ژمارەیەك لە بەرپرسانی یەكێتی پرۆژە ئابوری و بازرگانەكانیان، بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی پارتی و بنەماڵەی بارزانیەوە.

لەهەموو حاڵەتێكدا، یەكێتی ئێستا بەسانایی ناتوانێت ئەزمەو گرفتەكانی تێپەڕێنیت و لەراستای هەر ئالوگۆریكیشدا هەڵوەرینی زۆریك لە كادرو بەرپرسەكانی بەدوای خۆیدا دەهینێت. تەنانەی گیرانەوەی دەسەڵاتی یەكەم بۆ بنەماڵەی تاڵەبانیش ناتوانێت، هەتوانی دەردە قوڵە زۆرە سیاسییەكانی یەكێتی بكات. بەتایبەتیش كە پرسی گێرانەوەی دەسەڵاتی یەكەم بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی، لەڕیگای بەدەستەوەگرتنی پرۆژەی سیاسی و ململانێی سیاسییەوە دەستی بۆ نەبراوە، بەڵكو زۆرتر شەقاوە ئاسا، و پشتی بە زۆری هیز و سەرچاوەی دارایی و پشتیوانی هەمەچەشنی ناوخۆیی و ناوچەیی بەستووە.

ئەوەی كە گرنگە، رۆڵی بەرەی ئازادیخوازە، كە ڕیگە نەدەن لەو ململانێیەدا، دەست بۆ چەك و رفاندن و نائارام كردنی زۆنی سەوز و نان برین و سزای سیاسی و دەركردن و ببرێت...

**ناوەراستی تەموزی ۲۰۲۱**

## درێژەی... لەشەقامەوە گۆڕانكاری دەكرێت نەك لەپەرلەمان

ئاسایان خەڵكیش زیاتر بەرەو هەژاری و برسێتی و ئاوارەیی ملبنێ. كەوایە خەڵكی كوردستان ئەگەر بیەوێت خۆی ڕزگار بكات دەبێت گفتوگۆ و سازشكردن لەگەڵ ئەم گەلەگورگەی دەسەڵاتداران ڕەت بكاتەوە كەبەردەوام پەلاماری كۆمەڵگەی كوردستان دەدەن ژینگە و مرۆڤەكانی لەناودەبەن. لەشەقامەكانەوە بەهێزی یەكگرتوویی خەڵكی ناڕازی گۆڕانكاری دەكرێت بۆهێنانەدی كۆمەڵگەیەكی باشتر نەك لەپەرلەمانێك كە خەرمانی كۆكردنەوەی پارەو سامانە بۆ حیزبەكان و شوێنی زیادكردنی باج وسەرانە و نەهێشتنی كەرتە گشتییەكانی خەڵكی كوردستانیشە. ئۆپۆزیسیۆنێك كە لەچوارچێوەی خزمەت و سوودی دەسەڵاتی زاڵمدا یاری دەكات پێویستە ترۆ ڕیسواو شەرمەزار بكرێت. ئۆپۆزیسیۆنێك بەناوی چارەسەری كاتی بۆ ئاو و بەنزین و هەر خزمەتگوزارێكی تر كەدەبێتە كوشتنی ناڕەزایەتیەكان و خزمەتكردن بەدەسەڵات. دەبێت ئەوجۆرە ئۆپۆزیسیۆنە ڕیسوا بكرێت. بەدرێژایی سی ساڵە نەتواندراوە قۆناغی خێر و سەدەق بەرامبەر بە خەڵك تێپەڕێنێت. نەدەسەڵات نەئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە شەرمنانەو محافیزكارانە دادی گرفت و كێشەكانی خەڵك نادات، چونكە ناتوانن چارەسەری كۆتایی ئەم قەیران وكێشانە بكەن. یاری بەچارەنووسی خەڵك دەكەن لەنێوان شاباش لێدانی دەسەڵات وبەناو ئۆپۆزیسیۆنێكی وەكو ئیسلامییەكان و نەوەی نوێ و حیزبی شیوعی و زەحمەتكێشان لایەنی دەسەڵاتی وەكو پارتی ویەكێتی وگۆڕان وسۆسیالیست وكرێكاران ورەنجدەران وحیزبە سێبەرەكانی پارتی و یەكێتی. ئەم حیزبانە شەڕ و ململانێ بۆ سوودی حیزبەكانی خۆیان دەكەن، نەك هێنانەدی ژیانێكی باشتر بۆ خەڵكی كوردستان. سەرجەم سیستەم و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەم حكومەت و پەرلەمانە گەنیووە، هەتا بمێنێت زیانی زۆر زیاترە لەسوودی بۆیە چارەسەر خۆمادەكردنە بۆ ڕاپەرین و لەگۆڕنانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دزو چەوسێنەرو سەركوتگەرەیە. بۆ سەركەوتنی ئەم هەنگاوەش ڕێگاچارە ئەوەیە خەڵكی ناڕازی هێزی خۆی ڕێكخراو بكات و هێزی خەباتی بێنێتە مەیدان لە ناوبزووتنەوەیەكی جەماوەریدا كە ئامانجی لەگۆڕنانی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ملهوڕو چەووسێنەرە بێت. هێزی بزووتنەوەی شورایی خۆی بنیاد بنێت بۆئەوەی شۆڕشی هەژاران و چەوساوەكان سەركەوتووبێت دواتر خەڵك خۆی حكومەتی شورایی دابمەرزێنێت كە تێیدا وەكو مافێكی زۆر سادە هەمووان دەستیان ڕابگات بە نان، كار، ئازادی. ژیانێكی ئاسوودە و شایستە بە خۆیان دابین بكرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئاراس ڕەشید، عبدالرحمن ڕەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئایندەکەی"

## ئێوە چیبوون؟

"بۆ پێنج ئەستێرە سوورەکەی خەباتی چینایەتی لە کوردستان، کە بە دەستی چەتەکانی مافیا-ڕەفتاری ناسیونالیزمی کورد کوژێنرانەوە."

شیعری: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ئێوە چیبوون؟

ئێوە دەچوون لەنێو کوونە ڕەشەکانی ژیانەوە
ئەڵماسی ئاوات و
هەتاوی باوەڕتان دەردەهێنا و
دەتان دایە منداڵە پێخاوسەکانی نێو گەڕەکە قیرنەکراوەکانی شار
دەچوون بزەتان دەبرد بۆ منداڵە عەللاگەفرۆشەکانی ناو بازاڕەکان
یانیش لەسەر فلکەکانی شار دەوەستان و
فرمێسکی کلێنسفرۆش و بنێشت فرۆشەکانتان دەسڕییەوە
ئێوە بوون دەچوون بەناو وشەکانی کتێبەکاندا دەگەڕان و
مۆمی شیعر و
دڵی پڕ لە جۆش و
عەشقی ئینسان و
بارانی ئومێدتان تێدا دەدۆزییەوە و
دەتان برد لەسەر گۆڕی گیانبەختکردووانتان دادەنا
ئێوە ئێواران دەبوون بە تریفەی ڕەنگاوڕەنگ و
لەدەوری قامەتی خێڵی بەشمەینەتان دەسووڕانەوە
حیکایەتی شەوەتوونەکانی ستەم و
حەسرەتی سەردابەکانی تەنیاییتان بۆ زەحمەتکێشان دەگێرایەوە
ئێوە لەودیو سنوورەکانی ترس و
لەودیو تەلبەندەکانی هەڕەشە و
لەودیو هێڵە سوورەکانی خێڵی نەهامەتهێنەری دەست سوور بە خوێنی ئازادی
لەوپەڕی مەیدانی بزمارێژکراوی دژایەتی و بەگژاهاتن
ئا لەودیو ئاسۆی هەموو بینینە ڕەشپۆشەکانی چاوەوە
دەبوون بە خۆر
هەموو ڕۆژێ بەسەر کەلی ژیانی کارگەرانەوە هەڵدەهاتن
دەبوون بە بارانی وزە و دەبارینە سەر جەستەی کەنەفتی ئەم ژیانە قوورسە
ئێوە دەبوون بە هیوا و ڕۆدەچوونە ناخی دڵە بیمارەکان
دەبوون بە عەشق و
ئێوارانیش دەبوون بە خۆشەویستییەک
بزەتان دەنایە سەر لێوی کچە غەمبارەکان
لەگەڵ سپێدەی ڕۆژی نوێش ئێوە دەبوون بەگڕ بۆ هەڵقرچاندنی ستەم
دەبوون بە دەنگی بانگەواز بۆ یەکسانی و سۆشیالیزم
دەبوون بە خوێن بۆ دەماری دڵی سبەینێیەکی نوێ
ئێوە ئێستا نەمردوون و هەموو ڕۆژێ یەکێ دوانتان لای سەهۆڵەکە وەستاون
یاخود لە شەقامی باتە بەدەم پیاسە لەگەڵ ئاراس باسی مارکس بۆ
کرێکارانی نەسیج و ئەلبان دەکەن
یان لە سمێڵ دەبن بە مێوانی ئارام
یانیش لە هەڵەبجە و هەورامان و پشدەر و گەرمیان
خەریکن لینین دەبەن بۆ یەک بە یەکی ماڵانی بازوو پۆڵاینی ئەو دەڤەرانە
ئێستا ئێوە لە شەوانی سامالی هاوینی شاردا
پێنج ئەستێرەی ئاسمانی خەباتن
پێنج هەڵمەت بەری شکانی ستەمگەرن
پێنج دەریای تینوێتی بیابانی ئەوین و عەشق شکێنن
پێنج شاخی پڕ لە دەنگ و پڕ لە هاواری ئازادین
پێنج ڕەنگی پەلکەڕەنگینەی تێکۆشانن
پێنج برینی قەتماغ نەبەستووی جەستەی خەباتن
پێنج شیعری تەواونەکراوی قەسیدەی سەربەستین
ئێوەن زیندوو لەگەڵماندان
لە کۆڕماندان
لە نێو خەون و نێو دڵماندان
ئێوە ڕێنیشاندەری ڕێگان بۆیە هەردەم لە یادماندان.

تەمموزی ٢٠١٦

**تێبینی : ئاراس : ئەرسەلام مەولود، خەباتگێڕی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە لە خۆپیشاندانەکەی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ لەشەقامی باتە لە شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی پاریزگای هەولێر درایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانی لە پێناو ئامانجی بەرزی ئینسانیی بەختکرد.**


**ئارام : نەزیر عومەر، کادری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتی بێکاران لە کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە دەرفێنرێ و پاشان تیرۆر دەکرێ...**

## دوا وتە

# هۆکاری قەیرانی یەکێتی و هاوسەرۆکەکان... و ئایندەی ئەم قەیرانە؟

### عەبدوڵا مەحمود

جارێکی تر و لەبرگەی دوای کۆنگرەدا یەکێتی نیشتیمانی ڕوبەڕووی قەیرانێکی قوڵ بۆتەوە، ئەم قەیرانە درێژکراوەی پرسی ناکۆکی نێوان هاوسەرۆکەکان نییە، بەڵکو گۆشەیەکە لە ئەزمەیەکی قوڵتر کە هێنانی ئەلگوی هاوسەرۆکی، خۆی بەرهەمی ئەم قەیرانە بوو.



هێنانەخوارەوەی قەیرانی سیاسی و ڕیکخراوەیی یەکێتی بۆ ئاستی ململانێی نێوان هاوسەرۆکەکان، بیرکردنەوەیەکی قەیرانگرتوو و ڕوکەشە. ڕاستە هێنانی فۆرمی هاوسەرۆکی دەرئەنجامی نەبوونی سەرۆک و ئەزمەیەکی ڕابەری و ناوخۆیی یەکێتی نیشتیمانییە، بەڵام ئەمانە دەرهاویشتەی ئەزمەیەکی قوڵی سیاسی و ڕیکخراوەیین کە یەکێتی نیشتیمانی زۆر دەمێکە دەرگیریەتی، تەنانەت ڕیشەی ئەم قەیرانە دەگەڕیتەوە بۆ سەردەمی لە ژیاندا بوونی جەلال تاڵەبانی.

یەکێتی نیشتیمانی لەدوای کەوتنی ڕژیمی بەعسەوە، خاوەنی خەت و هێڵێکی سیاسی و ئەجندایەکی ڕوشن، و ستراتیژیەکی دیاریکراو نییە... ئەگەر یەکێتی لەسەردەمی شاخدا دەیزانی چی دەوێت و چۆن دەکرێت ببێتە بەشدار لە دەسەڵاتی ناوەندی و خاوەنی پێگەی سیاسی لە هەریمدا، وە ڕێگاکانی دەستراگەیشتن بەو ئامانجانەی دەزانی و لەسەر ئاستی دنیا، ناوچەکە، عێراق و هەریمدا، لە ململانێیەکی بەردەوام لەگەڵ نەیارەکانیدا بوو، بەڵام بەدوای کەوتنی ڕژیمی بەعسەوە، تەنانەت پێشتریش تا هاتووە ئاسۆی سیاسی خۆی ون کردووە، بۆتە هێزێکی سیاسی پاشکۆی ڕووداوەکان و بڕیاری سیاسی هێز و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تر لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا.

یەکێتی پۆستی سەرۆک کۆماری وەکو پۆستێکی تەشریفاتی بەدەستەوە بوو، کە خودی جەلال تاڵەبانی بەهێزترین کەسایەتی لەو پۆستەدا بوو، بەڵام لۆژیکی عێراقی پۆستەکە و سەروەری سەراسەری عێراقی وەکو قەسەم خواردنی سەرۆک، لەناو ململانێی تایفی و قەومی و مەزهەبی و دینیدا، هاوکاتیش دەست خاڵی بوونی یەکێتی لەسیاسەت و بڕیاری سیاسی هەریم و نەمانی ڕۆڵی کاریگەری

بۆ لاپەڕە 11



دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح

